

# شیرین



بڵاوکراوەیەکی تایبەتە بە عوسمان عوزێری، کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد لەشاری سلێمانی دەریدەکات

شەممە ٢٠٢١/٧/٣

# مەشخەڵی ئازادی لەئاسۆی بڵندی کوردەوە بەخوێنی شەهیدانی کورد بڵێسەی بەرز کردەوە



لیژنەی سەرپەرشتی دابەشکردنی پەیکەری عوسمان عوزێری لەسەر ئارامگەی خاتوو پەروین

فۆتۆ: شیروان نامیق

## عوسمان عوزێریی لەبواری ڕاگەیاندن و هونەری سینەمادا:

**ڕێبوار جەمال سەگرمە**

کەسایەتییەکی خوێندەوار، شاعیرێکی ناسراو، نووسەرێکی کارامەو چیرۆکنووسێکی بەتوانا، وەرگێڕێکی شارەزا و ڕۆژنامەنووسێکی چالاک، ڕۆڵەیەکی بەئاگای مێژووی کۆنو نوێی گەلی کورد بوو.

عوسمان عوزێری ڕاگەیاندکارێکی باشی سەردەمی خۆی بووە، عوسمان عوزێری لەگەڵ ئەوەدا کە شاعیر و نووسەر و شانۆکارێکی باشبوو، لە ساڵانی ١٩٥٨دا، لە ژمارە (١٣٤٧)ی ڕۆژنامەی ژیندا، لە گۆشەی سینەما و شانۆدا، وتارێکی لەسەر سینەما بڵاوکردۆتەوە، لەژێر ناونیشانی (وڵاتو هونەر)، لەو ڕۆژگارەدا قسەکردن لەسەر هونەری سینەما بەهای تایبەتی هەبووە، عوزێری درکی بەو لایەنە گرنگە کردووە، کە بۆشاییەکی گەورەیەو دەبێت پڕبکرێتەوە، لەڕێگەی بیرو بۆچوونەکانیەوە، چەند پێشنیارێکی کردووە:

عوزێری داوا لە دەوڵەمەند و سەرمایەدارانی وڵات دەکات کە بە سەرمایەکانیان کۆمەک بکەن، هەروەها داوا لە ڕووناکبیرانو خەڵکی نیشتیمانپەروەر دەکات کە دەستی یارمەتی درێژبکەن، بۆ ئەوەی فیلمی کوردی بەرهەم بێت، هەروەها هونەری سینەمای وەکو پێویستییەکی ئەو ڕۆژگارە پیشانداوە، بە پێویستی زانیوە کە کورد وەکو گەلان خاوەنی ئەم هونەرە بن، چونکە عوزێری پێی وابووە کە گەل لە ڕێگەی هونەری سینەماوە چاوی دەکرێتەوە. وەکو خۆی دەڵێت: (ئێمە هەمیشە پێویستمان بە سینەما و شانۆ هەیە، پێویستە بمان بێت، وەکو وڵاتانی تر، چونکە سینەما ڕێگەیەکە بۆ دەرخستنی وڵات، گەل، نیشتیمان و مێژوو).

لە جێگەیەکی تردا، باس لە فیلمە بیانییەکان دەکات، کە ئەو کاتە لە سینەماکانی کوردستاندا پیشاندراون کۆی فیلمەکان بیانی بوون. بە پێویستی زانیوە ژێرنووسی کوردی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی کۆی کۆمەڵگە لێی تێبگەن.

لە جێگەیەکی تردا باسی جوانی سرووشتی کوردستان دەکات، کە چەندە شیرینو دڵڕفێنە، گەر گرتەی سینەمایی لێ ئەنجامبدرێت، دەبێتە جێگەی تێڕامەنی زۆر نەتەوە و وڵات.

عوسمان عوزێری لەو تەمەنە کورتەیدا، خزمەتێکی گەورەی بواری ڕاگەیاندنو سینەما و ئێزگەی کوردی کردووە، هەموو ئەو بەرهەمانەی کە ئێستا لەبەردەستان، جێگەی تێڕامەنی هەمووانن.

## عوسمان عوزێری لەدوو توێژینەوەی زانکۆی سلێمانیو بەغداددا

**ئا: کاوان ئەبوبەکر**

کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی بەغدادو بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دوو توێژینەوەی جیا لەسەر شاعیر عوسمان عوزێری پێشکەش دەکەن.

راگرایەتی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان لەزانکۆی بەغداد یەکەمین کۆنفرانسی زانستی بەشی زمانی کوردی، بەناونیشانی (زمانی کوردیو کاریگەری لەپەیوەندی زانستیدا) لەهۆڵی ئیبن ڕوشد ساز کرد.

یەکێک لەو توێژینەوانەی ئەم کۆنفرانسە زانستییە تایبەت بوو بەشاعیری شەهید عوسمان عوزێری بەناونیشانی (برایەتی کوردو عەرەب و پایەکانی یەکییەتی عێراق لەشیعری کوردیدا، گۆرانو عوسمان عوزێری وەک نموونە) کە لەلایەن توێژەر (سدیق ئەورەحمان عەلی) سەرپەرشتیاری پسپۆڕیو خوێندکاری دکتۆرا، توێژینەوەکە ئامادەو پێشکەشکرا بوو.

توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا ئاماژەی بە بارودۆخی ئەو کاتی عێراقو بارودۆخی دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزو کردبوو، بۆ ئەم مەبەستەش شیعرەکانی هەردوو شاعیری کورد (گۆرانو عوسمان عوزێری) وەک نموونە هێناوتەوە، بە بەڵگەیەکی بەهێزی هەستی مرۆڤدۆستیو هەستی هاونیشتیمانییانەی عوسمان عوزێری دەژمێردرێن لەو کاتەدا.

تەواوی ئەم توێژینەوەیە وەک کارنامەی کۆنفرانسەکە لەژمارەیەکی تایبەتی گۆڤاری (الاستاذ)، کە گۆڤارێکی ئەکادیمییەو کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد لەزانکۆی بەغداد، دەریدەکات بڵاوکراوەتەوە.

هاوکات خاتوو (شەیما عەلی خدر) خوێندکاری دوا قۆناغی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان لەزانکۆی سلێمانی، توێژینەوەکی مێژووی شیکاری بەناوی (عوسمان عوزێریو مێژوو) پێشکەشی بەشەکەی خۆی کردووە وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەمێژوودا.

توێژینەوەکە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١)و پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. کامەران محەمەد قادر سەرپەرشتی کردووە.

شەیما عەلی ئامادەکاری توێژینەوەکە لەپێشەکی توێژینەوەکەیدا گرنگی بابەتەکەی بۆ ئەوە گەڕاندۆتەوە کە تاوەکو ئێستا توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر شاعیرو مێژوونووس عوسمان عوزێری نەکراوە، بۆیە



شەیما عەلی

"هەوڵمانداوە ئەم توێژینەوەیە تەرخان بکەین بۆ ناساندنی کەسایەتیو تێڕوانینەکانی بۆ مێژوو، هەروەک هەوڵمانداوە تیشک بخەینە سەر وێستگە گرنگەکانی ژیانی کەسایەتی ناوبراو".




## شیرین بۆ؟!

**سەرنووسەر**

ژیانی ئەوینی عوسمان عوزێریو خاتو پەروین، ڕەگی گوڵێکی جوانی بەهێزی پڕ لەخۆشەویستی هاوشێوەی ئاشقانی نەتەوەکەمان بوو..


شانۆنامەیەکی نەنووسراوی پڕاوپڕ لە ئاریشەو تاسەو سۆزی جێژوانێکی نسێی هەتاو نەدیو بوو! لەگەڵ هەموو چرکە ساتێکدا دڵیان لەیەک نزیکتر دەبۆوە، مەودا لەنێوانیاندا نەمابوو.

بۆ پاراستنی نهێنی باڵای لوتکەی خۆشەویستیەکەیان ناوەکانی خۆیان لە (عوسمانو پەروین)ـەوە گۆڕی بە (ئاواتو شیرین).

بێگومان شیرین، بۆ شتی قەشەنگو مرۆڤی جوانو چەلەنگ بەکاردێ بۆیە ببوە کوانوی ئاگردانێکی پیرۆزی تا پەرستنی دڵی ئاواتو سێبەروسایەی (شیرین) وەکو تارماییەک بەسەر ڕووخساری زۆربەی شیعرەکانیدا دەبینرێت.

ئاواتیش، واتای هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی دڵ. ئیتر لەوکاتەوە ئاڵوگۆڕی نامەیان لەژێر ئەو دوو ناوە نهێنیەدا بۆ یەک ناردووە.

ئێمە بۆ بەرز ڕاگرتنو هێشتنەوەی هەستە پیرۆزو جوانەکانی (شیرینو ئاوات) بڕیارماندا بڵاوکراوەکە ناو بنێین (شیرین).



# هەندێ زانیاری لەبارەی نەورۆزەوە لەسەر زاری شەهید عوسمان عوزێری



**مەلا بێستون**

هەرچەندە منو شەهید عوسمان خزمی یەک بووین، بەڵام تا هاوینی ساڵی (١٩٦١) بەتەواوی نەبوینە ئاشناو ناسیاوی یەک، ئەو کاتەی کەمن لە شوێنی باوکم چەکی نۆرەدارییم بەشانەوە بوو لەگردبوونەوەکانی دەربەندی بازیانو شیوە سوور، بەشداریم ئەکرد وەکو خۆ ئامادەیی کردنێک بۆ شۆڕش لەدژی حکومەتی ئەوسای عێراق.

شەهید عوسمان، کەئەوسا فەرمانبەر بوو لەمتەسرفییەتی سلێمانی، کەئێستا پێی ئەوترێ پارێزگاو کادرێکی پێشکەوتووی لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسلێمانی. ناو بەناو سەری لێ ئەداینو ڕێنمایی شۆڕشگێڕانەی ئەکردین. ئەوەبوو لەڕۆژی دووشەممە ١٩٦١/٩/١١ کاتێ سوپای عێراق هێرشی کردە سەرمان، شەهید عوسمان لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا ڕەزای زێویەیی، کە ئەویش ئەندامێکی پارتی بو بەئۆتومبیل ئازووقەیان ئەهێنا بۆ چەکدارەکان، لەنێوان ئەڵڵایی و بازیاندا بە بوردومانی فرۆکە جەنگییەکان کەوتنو هەردووکیان برینداربوون.

ئەوەبوو پاش چەند ڕۆژێک کاربەدەستانی میری پێیان زانین، دەستگیریان کردنو پاشان بران بۆ بەندیخانەی باقوبە. شەهید عوسمان و برادەرەکەی لەبەندیخانە مانەوە تا پاش کودەتای (٨)ی شوبات کەبەهۆی وتووێژی شۆڕشی کورد، لەگەڵ حکومەتی بەغدا کۆمەڵێک لەو زیندانیانەی سەر بە پارتی بوون بەربوون، ئەمانیش بەڕەڵڵاکران. لەساڵی ١٩٦٣ پاش ئەوەی لەمانگی حوزەیران شەری کوردو حکومەتی عێراق دەستی پێکردەوە. ئەو کاتە پەیوەندی کرد بە شۆڕشەوە، بەڵام ئەو کەوتە هێزی خەبات وابزانم ڕابەری سیاسی ئەو هێزە بوو کەبارەگای لەچوارتا بوو پاشان چووە پێنجوێن، بەڵام لەگەڵ دامەزراندنی ئیستگەی دەنگی کوردستانی عێراق لەمانگی ئەیلولی ١٩٦٣، کرا بە بێژەرو پێشکەشکار لەو ڕادیۆیە. لەپاش دووبەرەکی ساڵی ١٩٦٤ لە نێوان باڵی مەکتەبی سیاسیو سەرۆک مستەفا بەرزانی. شەهید عوسمان لایەنگیری مەکتەبی سیاسی بوو. بەفەرمانی مەکتەبی سیاسی لەپێش هێرشکردنە سەریان لەماوەت، شەهید عوسمانو پێشمەرگەکانی ئیستگە نێرانە گوندی (کانی هەرمێ) سەربە (پێنجوێن). ئەوە بوو پاش ئاودیووبوونی جەماعەتی مەکتەبی سیاسی، شەهید عوسمانو ئاوەڵەکانی لەلایەن سەرکردایەتی بارزانیو دەستگیرکرانو شەهید عوسمان برایە بەندیخانەی سەنگەسەر لەوێ لەگەڵ شەهید عەلی حەمدیو مەحمودی حاجی تۆفیق و چەند هەڤاڵێکی تریان زیندانی کرا. لەپاش هەواڵدانێکی زۆر لەمانگی کانونی یەکی ١٩٦٤ شەهید عوسمان ئازاد کراو لەدێی چەرمەگا لەماڵی باوکی نیشتەجێ بوو. ئەو کاتە من ناو بەناو هەرجارێ دەرفەت ببوایە سەرم لێئەدا، بۆ ئەوەی سوومەندبم لەزانیارییە بەپێزەکانی، چونکە بەراستی ئەو زاتە شاعیرێکی دیارو نووسەرێکی کارمەو چیرۆکنووسێکی بەتوانستو وەرگێڕێکی بەسەلیقەو ڕۆڵێکی بەئاگای مێژووی نوێو خەباتکاری بوو. لەو نزیکبوونەوەم لێی ، کتێبە چاپکراوەکانی خۆی پێشکەش کردم کەبریتی بوون لە: هەردوو دیوانە شیعرەکانی خۆی (گوڵزاری کوردستان)و (کڵپەی دەروون)و (مێژووی جوڵانەوەی مامۆستایان لە پۆڵندا) کەلە عەرەبیەوە وەریگێڕابووە سەر کوردی. شانۆنامەی (لەپێناوی دادپەروەری)و( وجیە ڕەزوان) کەئەمەش لەعەرەبیەوە وەریگێرابووە سەر زمانی کوردی. لەگەڵ نامیلکەی (شۆڕشی دیاربەکر). بەداخەوە ئەو کتێبە بەنرخانەم لەگەڵ کۆمەڵێ کتێبی ترمداو کۆمەڵێ وێنەدا لەساڵی (١٩٧٤) فەوتان.

پەیوەندیم بەشەهید عوسمان عوزێریدا لەپاش پەیوەندی کردنمانەوە بەشۆڕشەوە لە ١٩٦٥/٩/٢٢ بەهێزتربوو. ئەوەبوو تا مانگێک هەمیشە پێکەوە بوین، پاشان ئەو کرا بەرابەری سیاسی هێزی ڕزگاری لەیەک دورکەوتینەوە بەڵام پاش ماوەیەک لەمانگی کانونی یەکی ١٩٦٥ کە ئێمە لەشاخی دابان جێگێر کراین بۆ بەرەو ڕووبەڕووبونەوەی سوپای عێراق. نزیک کەوتمەوە لەشەهید عوسمان، هەموو هەفتەیەک کەدائەبەزیم بۆ سەرگەڵوو بۆخۆشتنو جلشتن شەو و ڕۆژێک لەخزمەتیا ئەبووم. پاش ئەوەی کە ئێمە بەفەرمانی سەروی خۆمان (دابانمان) بەجێ هێشتو چوینە گوندی (قوڵقوڵە) لەدۆڵەڕووتی سەر بە سەرچنار. شەهید عوسمانیش لەکارەکەی دەستی کێشایەوە، هاتە لای ئێمە لەقوڵقوڵەو خێزانەکەیشی هێناو لەو گوندە نیشتەجێ بوو. ئەو ماوەیەش لەیەک نزیکبووینەوە زۆر سودم لێ دیو. ئەوەبوو لەسەرەتای مانگی شوباتی ١٩٦٦ لەگەڵ حاجی مەجید ڕۆستەم مامی، کە سەرلقی من بوو بەرەو گوندی (ساوجی) مەریوان کەوتینە ڕێ بۆ دیدەنی جەنابی مەلا مستەفا سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول. ئەو ماوەیەش پێکەوە بووین ئەوە بوو لەڕۆژی ١٩٦٦/٢/٩ چاومان بەسەرۆک بارزانی کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا بارزانی پێی وت: عوسمان تۆ نابێ بچیتەوە بۆ ناوچەی خۆتان، ئەبێ بچیتە ئیستگەی دەنگی کوردستانی عێراق. وەکو پێشکەشکار و وتار خوێن. ئەمیش وتی زۆر باشە چۆن ئەفەرمووی وائەکەم. بەڵام چاوەکانم پێویستی بەچاویلکەی پزیشکی هەیە بەڵکو مۆڵەتێکم بۆ تاران بۆ بکەی تاکو سەردانی پزیشک بکەمو چاویلکەی پزیشکی بکەم. بارزانیش وتی زۆر باشە، عگید سەدیق کە ئەوسا بەڕێوەبەری کاروباری سەرۆک بارزانی بوو رائەسپێرم کار ئاسانبیت بۆ بکاو ئەوەی پێویستت بێ بۆت جێبەجێ بکات. ئەوەبوو لەڕۆژی ٢/١١ کاروبارەکەی تەواو بوو بەرەو تاران کۆچیکرد. پێش ڕۆشتنیشی منی ڕاسپارد کەسەرپەرشتی ڕێکخستنی نهێنی پێشمەرگەکانی هێزی ڕزگاری بکەم کەبەنهێنی سەر بەباڵی مەکتەبی سیاسی بوونو. ژمارەیان زیاتر لە (٢٠٠)پێشمەرگە ئەبوون، شەهید عوسمان سەرپەرشتی ئەکردن. و نامەیەکی بۆ کۆمیتەی سەرپەرشتیاری نووسی بۆ ئەوەی من سەرپەرشتی ئەو پێشمەرگانە بکەم. نامەکەیشی دا بەخۆم کەگەڕامەوە ئاگاداریان بکەم لێی. ئەوەبوو ئیتر پاش ئەو ڕۆژە، کەسمان چاومان پێ نەکەوتەوە. لەپاش گەڕانەوەی لەئێران ڕێی پێ نەدرا سەر لەناوچەی خۆمان بدا، ئەوە بوو لەئێستگە بوو لەناوچەی باڵەکایەتی تا سەرەتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٦٦ گوێمان لەدەنگی ئەبوو کەهەفتانە بەرنامەیەکی هەبوو بەناوی (ئێمەو گوێگرەکان)و ناوبەناو وتارو لێدانی سیاسی هەبوو. ئەوەبوو بەداخەوە هەر لەمانگی حوزەیرانی ١٩٦٦ بوو بەیەکێک لە قوربانیانی شەڕی دوا براوای برا کوژیی.

لەو زانیاریانەی لەبارەی خۆیەوە کەبۆی گێڕاومەتەوە. ئەیووت لەو کاتەوەی کەهەستی نەتەوایەتیو خۆشەویستنی میللەتی کوردم تیادروستبووە، زۆر هۆگری جەژنی نەورۆز بووم، هەمیشە حەزم لێبووە کەنەورۆز هاتووە یادی بکەمەوە ئەگەر بەتەنیاش بوومبم. ئەیووت ئەو کاتەی لەبەغداد بووم لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیست، لەدوو ئاهەنگی قەشەنگی نەورۆزدا بەشداریم کردووە، کەخوێندکارە کوردەکانی کۆلێجەکانی ئەوسا گێڕاندنوویانە لەگەڵ چەند کەسانێکی کورد کەلە بەغداد نیشتەجێبوون یا لەوێ کارمەندبوون، یەکێکیان ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٧بوو کەلە (سلمان پاک) گێڕامانو من تیایدا بێژەری ئاهەنگەکە بووم. دووهەمیشیان لەنەورۆزی ساڵی ١٩٥٨ بوو کەلە (باخچە هەڵواسراوەکانی بابل) کردمان. هەروەها ووتی لەئاهەنگەکانی نەورۆزی سلێمانی لەساڵانی ١٩٥٩- ١٩٦٠ کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەتووی مەلیکی سلێمانی گێرای بەشداریم کردووە.

بۆ منو بۆ پێشمەرگەکانو زۆر کەس لەخزمانو دۆستانی گەلێ جار باس نەورۆزی کرد بەتایبەتی گرنگیەتی بۆ میللەتی کورد. ئەیووت: نەورۆز لەسەر دووباوەڕ دامەزراوە، یەکێکیان: ڕزگاربوون لە زوڵمو زۆرداری کۆمەڵایەتی کە ئەگێڕنەوە (زوحاکی) ستەمکار بوو بەهۆی خوێنرشتنی لاوی کورد لەهەموو ڕۆژێکی ژیانیا، تاجام پڕ بوو، ئینجا شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بەو زۆردارییە بەرپابوو بەسەرکردەی (کاوە)بۆ نەهێشتنی ستەمباری (زوحاک). ئەیووت: ئەم باوەڕە هەرچەندە بەڵگە مێژوویی لاوازە، بەڵام بەڵگەیە بۆ ئەوەی هەر کاتێ میللەتی چەوساوەو ستەم لێکراو، خۆی ڕێکخاو یەکبگرێو باوەڕی وابێ هەر کاتێ ویستی بەگژ زاڵمو ستەمکارەوە بچێ ئەتوانێ ڕزگاری ببێو سەرکەوتن بەدەست بهێنێ.

دووەمیان: گواستنەوەی (کەش)و سەرفرازییەتی لەبارێکی سەختو ناخۆشو ساردو بەفرو کرێوە. کە ڕێی لەکاروباری جوتیارو لادێیو کاسبکار ئەتەنێ. بۆ بارێکی تر کەبەرەو خۆشی بەهارو بووژانەوەی زەویوزار ورمێ ئاسانی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هاونیشتمانیانی کورد.

ئەیووت: ئاگرکردنەوەیش لەسەر ئەو دووباوەڕە دوو واتا ئەدا بەدەستەوە:

یەک: ئاگر چراخانێک بووە لەشادمانی. ڕزگاربوونە لەدەست تاڵو تفتی زستانییو مزگێنی گەیشتنی ڕۆژی ڕووناکو خۆشو پیرۆزی بەهاری بووە، لەبەر ئەوەی کەڕووی خانووەکان لەبەر تەڕوتووشی زستان بۆگەنو پیسو ببوو، بۆ لابردنی بۆنی پیس ئاگریان کردۆتەوە.

دوو: لەبەر باوەڕی دووەم ئەو ئاگرە لەشوێنێکی بەرزکراوەتەوە، بەڵگەی ئەوە بووە، کە شۆڕشگێڕان بەسەر (زوحاکی) ستەمکاردا سەرکەوتووبوونو میللەتی کورد لەدەست ئەو ستەمکارە سەرفەراز بوون. و ئەو ئاگرە گوزارشت ئەکا لەڕۆژی ڕوناکیی کەمیللەتی ڕزگار بوو تیاندا بەخۆشیو کامەرانی ئەژیی.

ئەیووت: تا ئەتوانن بەرپەرچی ئەوانە بدەنەوە. کە ئەڵێن ئاگرکردنەوە لەنەورۆزدا بە واتای (ئاگر پەرستی). ئاگرکردنەوە بەڵگەونیشانەیە بۆ ئاگادارکردنەوە لەکارێک یادیاردەیەک کە ڕوویداوە. ساڵانی پێشوو کەرادیۆ نەبوو. بۆ ئاگاداری خەلکی لەبوونی ڕۆژی دوایی بەمانگی ڕەمەزان یا بەجەژن، خەڵکیان بەئاگرکردنەوە ئاگادار ئەکرد. بۆ نموونە لەشاری سلێمانی لەسەر شاخی گڵەزەردە ئاگر ئەکرایەوە.

لای خۆمان واتە دێی چەرمەگاو دێهاتی دەوروبەری لەسەر شاخی تۆکمە ئاگر ئەکرایەوەو ئاگاداریان ئەکردین. ئایا ئەو ئاگرکردنەوانە بۆ پەرستن بوو؟ نەخێر بۆ ئەوە نەبوو. ئاگرکردنەوەش بۆ نەورۆز هەروایە.

# یادگاریەکانی کوردستان



**نووسینی: عەباس بەدری**
**و/ بەرزان عەباس بەدری**

شەوێک لەشەوانی مانگی (ئاب)ئەستێرەکان ئاسمانی کوردستانیان ڕەونەقدار ترو پرشنگدارترکردبوو، بەشێوەیەک کانیوچەمو گژوگیای نزیک ئەشکەوتی (گردەڕەش) ی دەبریقاندەوە! لەدوورەوەو لەناو دارو درەختەکان ڕوناکیەک بەدی دەکرا، ئەویش ڕوناکی گڵۆپەکانی (ماوەت) بوو تاریکی ئەو ناوەی ڕووناککردبووەوە.

لەو ساتەدا پاڵم دابووەوە بەتاشەبەردێکی سەر لوتکەی شاخەکە، هزرو هۆشو ڕامانم بۆ شەوانی ئارامو سەقامگیری کوردستان ڕایکێشا بوومو ئاسودەیی پێ دەبەخشیم، سەرەڕای ئەو هەموو مەترسیو ماندووبونە زۆرەی کەبەڕۆژ ڕوبەڕوی دەبوینەوە. لەچاو تروکانێکدا ئەستێرەیەکی کلکدار کشاو خۆی کێشا بەقوڵایی تاریکیدا! ڕامام لەشوێنەواری ئەو شوێنەی ئەستێرە کلکدارەکەی لێکەوتبووە خوارەوەو دوای خۆی ئاگرێکی ئەرخەوانی دروستکردبوو! سەیرێکی لای ڕاستی خۆمکرد، ئاگر (نافورە)ئاسا بەرزدەبووەوە. بەجۆرێک دەغڵو دانو گژوگیای نزیک ئەشکەوتی (گاجووتان) ی بەشێوەیەکی خێرا دەسوتاند! ئاگر بەیارمەتی ئەو (شەماڵ)ـەی لەو ساتەدا هەڵیکرد، ئەوەندەی تر ئاگرەکەی بەتینترو بەهێزتر دەکرد، هەستم بەدەنگی پێو هەنگاوێکی ئارامکرد لەدوامەوە، وادیاربوو هۆکارەکەی ئەوە بوو بە هەمانشێوە ئەویش دەیویست سەیری ئەو دیمەنە ئازاربەخشو سەرسوڕهێنەرە بکات! ئاوڕم دایەوەو بینیم هاوڕێی شاعیرم ( عوسمان عوزێری)ـە، پێی وتم..بارودۆخەکە باش نیە وایە؟! منیش پێم وت: دەمڕوانیە ئەو دارستانو دار درەختانە، هەتا ئێستا نازانم بۆچی بەم شێوەیە گڕ دەگرێت؟! بڵێی ئەو ئەستێرە کلکدارە هۆکار نەبوو بێت؟! زەردەخەنەیەکی کردو وتی.. گوێی مەدەرێ خۆشبەختانە ئاگرەکە دوورە لەئەشکەوتەکەو خەمی هەڤاڵانیشت نەبێت سەلامەت دەبن. بەهەمانشێوە ئەویش پاڵیدایەوە بەو تاشەبەردەی کەپاڵم پێوە دابووەوە. هەردوکمان بۆ چەند ساتێک بێدەنگبووین، کاتێک سەیری هاوڕێ شاعیرەکەم کرد، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشو شاعیرانە سەیری ئەو (نافورە) ئاگرینەی دەکرد، لەڕاستیدا ئەو دیمەنانە شاعیرێک ببینێت تەواو جیاوازەلە ڕوانینی مرۆڤێکی ئاسایی، ئەتوانم بڵێم.. بەڕاستی دیمەنێکی (شاعیرانە)بوو! لەچاوانی هاوڕێ شاعیرو هەست ناسکەکەم شتێکی نامۆو نهێنیم بینیو بەدی کرد، لەهەمانکاتدا ئاڵۆزیو خەمباریم بینی! ئەو خەمەی تەنها شاعیر دەتوانێت بۆنەتەوەکەی دەریببڕێت!

هاوڕێ شاعیرەکەم لەهەڕەتی لاوێتیدا بوو، لەبیرمە لەسەرەتای (بیستەکان)ی تەمەنیدا بوو، خۆشگوزەرانیو ژیانی (شار)ی بەجێهێشت، بۆئەوەی وەک هەموو تاکێکی بەهەڵوێست پارێزگاریو خۆی بەخت بکات لەپێناو نیشتمانەکەی! بەڵێ شار بەجانتایەکی سادەو بەبێ هیچ بلیتێکو بەڵگەنامەیەک بەجێدەهێڵێت بۆ ئەوەی بەرگری لە نیشتمانەکەی بکات.. بۆئەوەی ڕوبەڕوی مەرگ بێتەوە! شیعرەکانی ئەوەندە گەرمو نازدار بوون، تاموچێژی ڕەسەنایەتیو بۆنو بەرامەی کوردستانی لێوە دەهات!

دەنگێکی زوڵاڵو پڕ هەستی هەبوو کاتێک لەنزیک ئەشکەوتی (گردەڕەش) بەجوانترین شێوە پارچە شیعرەکانی دەخوێندەوە بۆ گوێگرانی! ئەتوانم بڵێم ئەو دەنگە زوڵاڵو هەستە ناسکە گەورەترینو تەنها سامانی هاوڕێ شاعیرەکەم بوو!

هەندێ بیرەوەریویادگاری لەگەڵ هاوڕێ شاعیرەکەم..

بۆیەکەمجار لەسەرکێووکەژە سەرکەشەکانی کوردستان ئاشنایەتیمان پەیدا کرد، بەبەردەوامی باسی جوانی کوردستانو خاکو خەڵکە بەشمەینەتەکەیمان دەکرد، هەروەها باسی ( مەولەوی)و (هەمەدانی)و (ئەحمەد کوماسی)و (پیرەمێرد)باسی گەرمی دانیشتنەکەمان بوو! ڕۆژێکیان باسی هەندێ شاروناوچەی جیهانمان کرد، نموونەی ئەوەی هێنایەوەو وتی.. دەزانی ئەم خاکەی ئێمە زۆر پیرۆزە؟ ڕۆما سوتێنرا، یۆنان خاپوورکرا، کوردستانیش سەرەڕای ئەو هەموو وێرانکاریودەربەدەریو پارچە پارچەکردنە، هێشتا بەپێوە ماوەو چۆکی نەداوە بۆ هیچ نەیارێک، ئەوەتا ئێمە جارێکی تر بەردەوامی دەدەینو تێدەکۆشین لەپێناو نەوەکانی داهاتوو، دڵنیاشم ئەم ڕێبازە، بەردەوامە هەتا گەیشتن بەئامانجە ڕەواکانمان. کاتێک قسەی بۆ دەکردم پەرۆشیەکو هەستێکی ناوازەم لەچاوەکانی دەبینی! بەشێوەیەک چاوەکانی وەک ئەوە دەهاتە پێش چاوم کەسەد چرا لەناویاندا بەدرەوشاوەیی داگیرسابێت! وەک هەمیشە هەتا بەرەبەیان بەردەوام بووین لەقسەکانمان، داخەکەم ئەوە دواجار بوو هاوڕێ شاعیرە بەپەرۆشو خەمخۆرو دڵسۆزەکەم ببینم! ئیدی ڕۆژگار وایخواست بەرەو بیابانی باشور بڕۆم، بەڵام ئەو لەشاخو کێوە سەرکەشەکانی کوردستان مایەوەو بەردەوام بوو لە نوسینی شیعرەکانی بۆ کوردستانو خاکە پیرۆزەکەی! بەداخەوە پاش ماوەیەکو لەڕۆژێکی بەهاریدا بیستم (گوللە)یەک دەنگی هاوڕێ شاعیرە هەست ناسکەکەمی بێ دەنگ کردووە!

ئیدی جارێکی تر ناتوانمو ناتوانین گوێ بیستی دوا شیعربین کەبۆ کوردستانو خەڵکو خاکەکەی بەجوانترین هەستو سۆز دەینوسی، وشەکانی بوون بەدڵۆپە خوێنو خاکو خۆڵی کوردستانی پێ ئاودا! بەداخەوە.. دوای تێپەڕینی ئەو ماوە زۆرە هەتا ئەم چرکەساتە نازانم هاوڕێ شاعیرەکەم لە کوێ پشووی داوەو مەزارەکەی لەکوێیە؟!

ئایا کەسێک لەئێوە دەزانێ دوا مەنزڵگای هاوڕێ شاعیرەکەم لەکوێیە؟! ئەو شاعیرە هەست ناسکەی مەخابن بەدەست هەندێک بیر تەسکو قین لەدڵ تیرۆرکرا!

بەداخەوە بکوژانی لەنەتەوەیەکی تر نەبوون بەڵکو (کورد)بوون! ئەوان هاوڕێ شاعیرەکەمیان خەڵتانی خوێن کرد! تکاتان لێدەکەم هەرکەسێک لەئێوە ئەگەر زانیتان مەزارەکەی لەکوێیە لەبری من چەپکێک گوڵی (نێرگز) لەسەر گۆڕەکەی دابنێت، لەبەرئەوەی عاشقێکی سەرسەختی نێرگزو خاکو خۆڵی کوردستان بوو! تکایەبە فرمێسکەکانتان ئەو خوێنە پیرۆزە بشۆنەوە کەخاکی کوردستانی پێ ئاودا!

١٩٦٨/١٢/٧

hewalname.com.ku



# قەڵەمێکی خرۆشاو- لەنێو هەستێکی نەتەوەیی بێگەردا (شەهید عوسمان عوزێری)



**فوئاد محەممەد ئەمین (سەراج)**

سەرەتای شەستەکانی سەردەمی رابردوو، ئەز وەک لاوێک شەیدای خوێندنەوە بوم، ئەوەی چێژم لێوەردەگرت ئەدەب بوو، بەتایبەت شیعر..
لەو سەردەمەدا.. کۆمەڵێ دیوانی شیعری شاعیران دەرچوون، کەئەو کات بۆمن زۆر جێگەی سەرنجراکێش بوون، لەوانە: (بەستەی مەبەست)ی جەمال شارباژێڕی (ئەستێرەی بەیان)ی عوسمان شارباژێڕی (چریکەی کوردستان) مەلا عەبدولکەریم ڕەباتی (گوڵزاری کوردستان)ی شەهیدی جوانەمەرگ (عوسمان عوزێری) لەڕاستیدا نامەوێت لەسەرجەم ئەم بەرهەمە دیارانە بدوێم، وەلێ دەمەوێت.. گەشتێکی تامەزرۆ بەنێو گوڵزاری هەستی شاعیرانەی و هەڵوێستی ڕوونی بخەمە بەرچاو، کە ئەو چۆنو بەچ هەستێ هەناسەو هزری گەش لەنێو دڵسۆزیو کورەی خەباتو هەنگاوی شاعیرانەو کوردانەی ناوەو لەدوو توێی بەرهەمەکانیدا ڕەنگدانەوەی داوەتەوە، بەدەربڕینی ڕاستگۆیانە ئاوێزانی مەبەستەکانی جۆشداوە وەک ڕۆڵەیەکی ئەم نیشتمانە زامدارە بەهوشیاریو وریاییەوە چ لە ناخیدا پەنگی خواردۆتەوە، کڵپەی کردووەو بڵێسەی شیعری شەوقی داوەتەوە، ئەرکی شاعیر گەر بڕوانینە سەرجەم شیعرەکانی، ئێمە هەست بەوە دەکەین، بەزمانێکی ئاسانو بێگرێیو دوور لەخۆ جراندێک دواوە گەرچی بەپێوانەی ئەمڕۆ لەزمانو هونەری شیعرو گۆڕانکاریەکان لەدنیای شیعردا بدوێن، ڕەنگە ئەو جیاوازیی ئەم سەردەمەو ئەو سەردەمە- جیاوازێکی گەورەیی هەبێت.
ئەوەش لە قەڵەمی شاعیر کەم ناکاتەوە، چونکە ئەم سەردەمە ئەرکی شیعرو زمانی شیعر لەو ئاستەدا بووە.. بەڵام گەر لەسەرجەمی شیعرەکان بڕوانین وێنەی شیعریو هونەری شیعری زیاتر بەخشیووەتەوە ئەو هزرو باوەڕەی، کە خزمەت بەکوردستانو نیشتمانە ستەم دیدەکەی بکات وەکو چۆن هەژارو سەرەتای گۆرانو قانیعو موفتیو چەندانی کە ئەم ڕێبازەیان گرتۆتەبەر شیعریان کردۆتە قوربانی بۆ گەیاندنی پەیامی نەتەوەییو نیشتمانی، وەلێ لەسەرەتای شەستەکاندا لایەنگریمان بۆ لای (جەمال شارباژێڕ)دەچێت، چونکە ئەو هەنگاوێک بەدوای مامۆستا (گۆرانەوە) هاتۆتە پێش.. بەڵام لای شەهید ئەوەمان پێدەڵێ کەئەو هەموشتێکی کردۆتە قوربانی بۆ دوا ڕۆژێکی گەشی سەربەخۆیی، ئەو عەشقو ڕێبازە پیرۆزەیی لەهەموو شت بەگرنگتر زانیوە، بۆیە بەو زمانە سادەو ئاسانو فروانەی کەشیعری پێ هۆنیوەتەوە، تا زۆربەی زۆری گەلەکەی هوشیار بکاتەوە، جۆشیان بدات بۆ خەباتکردن هەروەکو چۆن (حاجی قادری کۆیی) ئەو هاوارەی لێ بەرزبۆتەوە زۆرجار لای شاعیر ئەوە بەدی دەکرێن، کەهەرگیز نایەوێت تەنیا بەوشە بدوێنو دوورە پەرێز بێت بۆیە لەسەرجەم شیعردا ئامادەیی خودی خۆی دەربڕیوە هاوبیرو هاوشانی ئەو کاروانە بێت کە بۆ ڕزگاری میللەت کەوتۆتە ڕێ، زۆرجار هەست بەوە دەکەین ئەم شاعیرە جوانەمەرگە وەکو کەسێکی (نەتەوەیی)کاژیکی بانگەوازی خۆی هەڵداوە، وەلێ بەداخەوە.. ڕەوتی ژیانی بەجۆرێکی کە تەمەنی لێسەندراوەتەوە شۆرەسواری ئەم شاعیرە هەر لەیەک بواردا نەبوو، بەڵکو چمکی زۆر بابەتی ڕۆشنبیریو روناکبیریو هونەری گرتۆتە ئەستۆو ئەرکو ماندوبوونی لەگەڵیا کێشاون تاوەکو ئەرکێکی ڕۆشنبیرانە بەپاکی بخاتە بەردیدەی خوێنەران.. شاعیر هەستی بەوەکردوە زمانی شیعری زۆر چروپڕنیە، دەشێ بەلای خۆیەوە هەر ئەوە هزری بوە کەچۆن دەنگی خۆی بگەیەنێتە گەلێکی چەوساوە بۆیە ئەو ڕێبازەی گرتۆتەبەر، وە ئەو سەردەمەش شیعری کوردی ئەو قۆناغە نوێیەی بەتەواوی نەهاتبووەوە پێش وەکو ئەم کاتو ساتەی کەتیایا دەژین، بۆیە ناکرێت داوا لەو شاعیرە بکەین.. نەئەبوایە هەر بەم ستایلە شیعری بوتایە، بۆ لەمەڕ ئەوەی شاعیر لەهەستێکی بێگەردو بڕوایەکی پتەوەوە دەڵێت:

بەکوردی پڕا زمانم، دەبێ بۆ کوردیش خوێنم بڕێژرێ
مەرجە بۆ کوردو بۆ کوردستانم،
سەرم دابنێم گیانم بنێژرێ

واتە: وەکو لەسەرتادا وتمان.. شاعیر بە قەڵەمو بەگیانیش بەکرداریش ئەورێگە پیرۆزەیی هەڵبژاردوە.. بەئاشکرا دەڵێت من پێشمەرگەی ئەمرێبازەم. دەشمەوێت لەو پێناوەشدا بمرم.
هەروەها شاعیر لە شیعرێکی کەدا (لەژێر ناوی- تێکۆشەر) دەست بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کەدەبێت خەڵک لەخۆبردوو قارەمانو گیان لەسەردەست بێت. ئەوەتا دەنگ بەرز دەکاتەوەو دەڵێت:

ڕێگای تێکۆشان ڕێی نەبەزانە،
ڕێی پاڵەوانو ئازاو مەردانە
هەرکەسێ ملی ئەو ڕێگایەی گرت، لاپەڕەی مێژووی ئەم نیشتمانەم ل٤٨

واتە پیرۆزی خەبات لەبەشداربونی کاروانی شۆڕشگێڕان هەوڵدانە بۆ ئازادای سەرفرازی.
تا کاروان دەگاتە مەنزڵی خۆی، لەشیعرێکی تردا کەزۆر بە ئازایانەو جەربەزاندا
خۆی بەکەسێکی فیداکار دەبینێتەوە، پەیمانێکی توندو تۆڵ بەخاکو نیشتمانەکەی دەداتو زەنگی هوشیاری لێ ئەدات.

– من فیدای ئەم خاکە جوانەی وەتەنم،
بەفیدای تۆزی خۆڵی بێ گەشت تەنم
ژیانم ناوێ هەتا هەقی نەسەنم،
من فیدام.. من فیدام١.

ئەم ڕۆحیەت پێ داگرتنە، لەلای زۆر کەس نیە، بەڵام شاعیر سوربونی خۆی بەوپەڕی باوەڕەوە پێ دائەگرێت، کەنمونەی تاکێکی لەخۆ بردووەو پاڵەوانی میللەتێکی ستمدیدەیە.. دەبێ هەر ڕێگەیەکو هزرێک بۆنی ئازادیو سەربەخۆیی لێبێت بەسێ دوو ئەم ڕێبواری ئەو ڕێگە پرۆزەیە.. ئامادەیی قوربانی دانە..
دنیای شاعیر پێمان دەڵێت کەسی خەباتگێڕ نابێ ترسنۆکو پەیتارەو بێ بڕوا بێ، چونکە ئەرکی هەر مرۆڤێکی کورد لەهەر شوێنو جێگەیکدا لەچیا بێ لەهەردوو شار بێ.. لەزیندانو ژووری تار بێ.. دەبێت کەسێکی خۆڕاگرو بێمنەت بێت هەردەم لەڕێگەی تێکۆشانا کەسێکی زیتەڵەو وریاو بەرپەچەدەری داگیرکەرانو دوژمنانی گەلەکەی بێت، کۆڵنەدات چ لەژێر زەبری قامچی برسێتیو کوێرەوەیدا تەمەنیشی بکاتە قوربانی.. دەفەرمویەت: ل١٣٧

لەژێر سزادا، لەزیندانی تەنگ
لەژووری تاری بێ تروسکەو دەنگ
لەگەڵ شریخەی قامچی لەسەر لەش
کەدروست ئەکات هێڵی شینو ڕەش
کەبرینەکان ئەکولێتەوە
سوێ نۆیی سەر لە نوێ تێ یەنێتەوە
ئازارو ژانی واتێ ئەزێنێ
لەدەروون کسپەوسۆ هەڵئەسێنێ
لەگەڵ فەلاقەو داخو هەڵواسین
لەگەڵ کاروانی لێدانی بەتین ل١٣٧

ئەم شیعرە زۆر جوانە..ناخ هەژێنە، بەر لەوەی شۆڕشیش ببێ ئەو هەستی بەوە کردووە، کە داگیرکەران دەمێکە زیندانو لێدانو کوشتنو بڕینو پەیامی (تۆتالیترایی) دەسەڵاتی ڕەهای خۆیانە، دەخەنەکار، ئەم شیعرە پێشبینی کراوەو هەرواش ڕوویداوە.. هەر چەندە ئەم شیعرەی شاعیر کاریگەری شیعرێکی (کامەران موکری) بەسەرەوەیە، بەڵام ئەمەی ئەم.. تەنیا بۆ خود نیە بەڵکو فراوان گشتگیرییە بەس کامەران.. لەخودەوە بۆ خودی خۆی لەوەڵامی چەند کەسانی نەگریسدا وتویەتی ئەوەش دەچێتە نێو ئەدەبی بەرگری نەتەوەکەمانەوە.
یەکێ لەسیفاتی ئەم شاعیرە، ئەوەیە ئەمانباتەوە بۆ چەژنی نەورۆزو بەهارو خۆری ئازادی بەهەند وەرگرتنی ئەم جەژنە بۆ کورد هیوای ژیانەوەو بەرەو پێشچوونو گۆڕینی وەرزەکانو دەنگوسەدای ئافرەتانی کوردو سەربەستی- دەرچون لەکۆتو بەندی زۆرداران دەتوانین بڵێین شەهید شاعیر (قوتابی نەتەوەیی پیرەمێردی نەمرە) هەروەک زوربەی شاعیرانی کورد ئەمیش بەهەمانشێوە بەشداری کردوەو شیعری حوانیشی بۆ داناوە کەدەڵێت:

ئەمڕۆ جەژنە پیرۆزەکەی کوردستانە
جەژنی نەوەی کاوەی شێری قارەمانە
هەرچەن ئەبێ ڕووخۆش جەژن بکەین
بەڵام دڵی زامداری من پەرێشانە
جەرگە بۆ کورد قرچاوەکەم وا سوتاوە
ڕێگام نادا بەرییایی و درۆزنانە
جەژنە پیرۆزەی سەربەستی،
لەترسی خەڵک
لەکورد بکەم وەهای دەرخەم ئەم قسانە
١٩٥٨

خوێنەری ئازیز دەتوانین لە دەرگای زۆری شیعرەکانی بدەین چ کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیریو شیعرە موناسەبەتو گۆرانیو پیا هەڵدانەکانی، بەڵام من واپێمخۆشبوو بەمجۆرە لەتەک شاعیردا بم.. جا نازانم توانیبێتم گیانی ئەو شەهیدە ڕەوان شاد بکەم کە مافێکی زۆری بەسەر کاروانی ڕۆشنبیریو ئەدەبیو هونەرو وەرگێڕانەوە بەسەرمانەوە هەیە!

# عوسمان عوزێری: ئەو شۆڕشگێڕەی شۆڕش تیرۆری کرد



**لەتیف فاتیح فەرەج**

بەر لەوەی لە سەر تیرۆر کردنی ئەو مرۆڤە کورد پەروەرە پاکە هیچ بڵێم، دەبێت دانبەوەدا بنێم کە من ناتوانم بەوەی لە کوردستانی باشور گوزەراوە بڵێم شۆڕش، زۆربەی جاریش هەر بە هەرا ناوم بردووە، مەگەر بە سەرمدا تێپەڕیبێت، ئەوەی لە کوردستان گوزەراوە، بەتایبەت ١٩٦١ بۆ ١٩٧٥ هیچ ماکێکی شۆڕشی تیا نیە، ئەمە ناکاتە ئەوەی هەزاران مرۆڤی شۆڕشگێڕی تیا نەبووبێت، عوسمان عوزێری یەکێک لەو شۆڕگێڕانەیە، کە لە بەرانبەر قوربانی دانو خەباتو نووسینو ئیشکردنی بەردەوام لە بری خەڵات تیرۆر دەکرێت، هەڵبەت لە نێو بزوتنەوەی کوردا دەیان لاپەڕەی تیرۆرو ڕەشە کوژی هەیە، کە مرۆڤ شەرم لە گێڕانەوەشیان دەکات. شێرکۆ بێکەس لە شیعرێکا بۆ عوزێری جوانەمەرگو تیرۆرکراو دەڵێت :

کەس نەیزانی ئەو چۆن کوژرا تا کەس نەیبینی لە کوێش نێژرا عوسمان عوزێری ڕۆشنبیرو خوێنەوار بوو، ئەو نووسینی تێکەڵ بە خەباتی ڕاستی کردبوو، خاوەن بیرێکی کوردانەی ڕوونی دور لە دەمار گیریو نەتەوەگەری کوێرانە بوو، کورد بوو، کوردێکی ئازادیخواز، ئەوەتا خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت:

پێستو گۆشتو ئێسقانەکەم
خوێنو دەماری گیانەکەم
هۆشو بیرو گشت ئامانجم
لە گەڵ ماوەی ژیانەکەم
ناویان بە کوردی نراوە
یەک ئاواتیان تیا نێژراوە
ئەویش پەرستنی کوردە
بە بنچینەم سپێرراوە
هەتا ئەڵێم ئەوامردم
بەرەو دوا یانەیان بردم
گشت ئەندامم هاوار ئەکات
لە ناو گۆڕیشا هەر کوردم

ئایە خاوەن ئەم هەست و بیرو باوەڕە شایانی ئەوەیە بکوژرێتو گۆڕێکیشی پێڕەوانەبینرێت، ئەویش لە لایەن ئەوانەوە کە بانگەشەی ئازادی دەکەنو دەڵێن خەبات بۆ ئازادی کوردستان دەکەین!!. دیوانەکەی عوزێری دەیان شیعری لەو جۆرەی سەرەوەی تیایە، ئەوە جگە لە نووسینو وەرگێڕانو بابەتی دیکە، هاوشێوەییەک لە نێوان شیعرەکانی عوسمان عوزێریو شەهید مەلا عەلیدا هەیە، ئەوەی مایەی سەرنجە شیعرەکانی مەلا عەلی لە زیندانی بەعسەوە گەڕێنراونەتەوە بۆ نیشتمان، کەچی شەهید عوسمان عوزێری هیچ پاشماوەیەکی زیندانی لە دوا جێنەماوە، یان ئەگەر هەشیبووبێت بکوژەکانی لە ناویان داوە،خۆزگە ڕۆژێک بوێرێک لە ناو ئەوانەدا پەیدا دەبوو کە جەلادی زیندانەکانی شۆڕش بوون لە ١٩٦١بۆ ١٩٧٥ و هەموو ئەوڕاستیانەیان دەگێڕایەوە کە ئەو ڕۆژگارە چی ڕوویدا، بۆچی کەسانی تێکۆشەری وەک عوزێری شاعیر لە سەر جیاوازی بیروڕا تیرۆرکران لە کاتێکا ئەو لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕبووەو پێشتریش برایەکی شەهید بووە. هەڵوەستە کردن لە سەر ئەو کردەوەو ڕەفتارانەی کە سەرانی " شۆڕش" لەو ڕۆژگارەدا کردویانە، ڕەنگە زۆر خاڵی شاراوە ئاشکرا بکات، من هەمیشە ئەوەم وتوە کە تەنانەت لە ململانێی نێوان مەلا مستەفاو مەکتەبی سیاسی ئەو ڕۆژگارەدا هێشتا بە تەواوەتی ئەوە ڕوون نەبووەتەوە کە بۆچی بەشێک لە مەکتەبی سیاسی بە زۆر ناچاری ئەوە کران پەنا بەرنە بەکرەجۆو بۆچی ئەو ناچارکردنە بەو جۆرە لە قاو درا. ڕاستی ئەمەیان کاری ئێمە نیە، بەڵام تیرۆرو شوێنبزر کردنی عوزێریش گرێدراوی ئەو ڕۆژگارە تاریکەیە، ئاخر عوزێری ئازادیخواز بوو نەک بتپەرست ئەوەتا دەڵێت : بۆ پەلکێ گوڵی جوانی سەربەستی کە ئێمەی دەرکرد لە بت پەرستی عوسمان عوزێری لە ١٩٣٦ لە دایک بوو تەنها سی ساڵ بواری درا بژێتو خودانەکانی " شۆڕش" تیرۆریان کرد، لەو سی ساڵەدا دوو کۆمەڵە شیعری گوڵزاری کوردستانو کڵپەی دەرونی نووسی، ئەوە جگە لە مێژوی شۆڕشی دیار بەکر و چەندین نووسینی تر، باوەڕم وایە ئەگەر بواری ژیانیان دابا بەرهەمی ناوازەی دەبوو. درود بۆ گیانی عوزێری، ئەو شاعیرەی هاوزمانەکانی کوشتیانو گۆڕێکیشیان پێ ڕەوا نەبینی.

# هەمووساڵێك سەردانەوێ بۆ برینەکانی عوزێری

**ئەحمەد زەردەشت**

هەڵبەستەکانی نووسەرو بوێژو هونەرمەند عوسمان عوزێری، ڕاشکاوانە مۆرکی نەتەوایەتیو نیشتمانپەروەری پێوەدیارە، ئەڵبەتە یەکێکبووە لە پێشەنگەکانی تازەگەریو نوێخوازی سەردەمی دواداواکانی پەنجاکان تاساڵی ١٩٦٦ کاتێک شەهید دەکرێت، ئەی بۆ نا؟ ئەوەتا.. وەک پەیامنێرو نووسەر لە ژێر دەستی (گۆران) دا لە ڕۆژنامەی (ژین) کاریکردووە، بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەرێنی خۆی دەبێت بەسەر تواناکانی عوزێرییەوە، بەتایبەتی لەرووی داهێنانی شیعرییەوە، تەنانەت لە بوارەکانی بیروباوەڕو ڕاوبۆچونی ئایدیۆلۆژی چەپڕەویو نەتەوایەتیو نیشتمان پەروەریو تارادەیەک لاسایی کردنەوەی داهێنەرانەی خودی گۆڕان، سەرباری بێکەسو پیرەمێرد.
وێرای بابەتە نەتەوایەتیو نیشتمانییەکانی کە پانتاییەکی فراوانی مەیانی تەراتێنی سوارچاکی هەڵبەستەکانی عوزەیری دەگرێتەوە، ئەگەرچی لایەنی ویژدانیو ئەوینو سۆز و دڵداری وەلا نەخستووە، ئەڵبەتە وەک مرۆڤێکی هەستیار لەو بوارانەشدا ئەسپی خۆی تاوداوەو زمانی سروشی وەک کانییەکی روونو سازگار پڕاوەو چەندین چامەی نایاب ودانسقەی پێشکەش کردوین بەنموونە (دوا خواحافیزی، دڵپەرێشان، وەکو من بە،شیرین، هەرمنو شیرین، سوێن ئەخۆم...).
عوزەیری بێباکانە لە گۆشە نیگای خۆیەوە ڕوانیویەتە گەنجینەی ئەدەبی کوردیی سەردەمی خۆی، ئەوەتا سودی لە ئەزموونی مێژوویی هۆنەرانی سەردەمانێکی پێش خۆشی چێژتووە.
ئەگەرچی عوزەیری، لە ڕوانگەیەکی نەتەوایەتیوە، هەنگاوەکانی چرکردۆتەوەو، ئەوەتا هەر زوو ڕێگا بە چزوی دوپشکی ترس دەگرێتو نایەڵی لەدڵیدا گەشە بکات خۆشەویستی خۆی بۆ نیشتمان هەر لە تافی هەرزەکارییەوە دەردەبڕێ، ئەوەتا لەشاکاری (ئەی کوردینە)دا دەڵێ:

تا دواتنۆکی خوێنمان
ماڵ ومناڵ و گیانمان
گشت بەخت ئەکەین بۆ نیشتمان
بۆ یەکێتی بچین هەموو
کوردین هەموو بژین هەموو

هاوکات خەباتو تێکۆشانی تەواوی گەلی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستانی لەیادنەکردووەو بە ئاشکرا لە کوردستانێکی یەکگرتوی سەربەست دەڕوانێ، بەنموونە هەڵبەستەکانی (هەڤاڵەکەم، ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە، بەرەو رزگاری) گوزارشت لەو خواستو ئاواتەی دەکەن .
بەڵام مایەی خۆشبەختییە کەکەوتۆتە ژێر کاریگەری چەپرەوییو پێشکەوتوخوازانەو هەڵبەستەکانی باشترین گەواهیدەرن بۆ سەلماندنی ئەو بوچونەمان. ئەگەرچیو ئەوەندەی ئاگادارم کام لەسەرچاوەکان ئاماژەیان بەوەنەداوە کە گوایە لە ژێرکاریگەری سیاسیو ئایدیۆلۆژی لایەنێکی چەپڕەو بێت، یا پابەندو ئامێزی لایەنێکی سیاسی چەپرەوی ئەوسەردەمەی خۆی بوبێت، بەڵام بەبۆچونی سادەی بەندەو بە پشتبەستن بەتەواوی هەڵبەستە نەتەوایەتیو سیاسییەکانییەوە، کە دورن لە هەر ئاماژەیەکی دەمارگیریی وشۆڤینییەوە، بیروبۆچونەکانی وەک مرۆڤێکی ژیری سەردەمانە دەیانخەنە بەرچاو، ئەوەتا ڕاشکاوانە چەندین هەڵبەستی ئاماژە بەوە دەکەن، گەر بگەڕێیتەوە بۆ هەندی هەڵبەستی بەنموونە (هیزی جوتیار، یادی یەکی ئایار، جوتیار، ڕۆژێک ئەبێ، کاکی جوتیار، ئەتپەرستم، بۆخوشکەکانم ....) ئەوڕاستییە بەزەقی قوتدەبێتەوە. لە چەقی هەموو ئەو بوارانەدا عوزەیری وەک نەورۆز پەروەرێک بڵێسەی خامەی داهێنەرانەی خستۆتە گەڕو و زۆر پێشکەوتوخوازانە لەچامەکانی (نەورۆز، یادی نەورۆز ، ئاگری نەورۆز )دواوە.
کاتێکیش مۆرانەی دووبەرەکی ریزەکانی پارتی کلۆردەکاتو باڵی (مەکتەبی سیاسی) خۆیان ڕادەگەێنن، عوسمان عوزەیری بەلای ئەو باڵەدا لادەدا کە ڕاشکاوانە چەکەرەی ڕەوتی چەپرەوی دەگرێتە خۆیو بڕیارێکی تاکڕەوانەی سەرکردەیەکی باڵادەستی ئەوسەردەمەی پارتی شەهید دەکرێت شوێنی دوائارامگای پەردەپۆش دەکرێت، ئەڵبەتە خەباتگێڕێکی لەم جۆرە خاوەن هەڵوێست تا دوا هەناسەی بێدەنگ نابێتو هەڵویستی خۆی بۆ مێژوو تۆماردەکاتو هەرگیز سەر بۆ کەس دانانەوێنێ وکرنوشو سوجدە لەبری ژیان بۆ کەس نابات و هیچ جۆرە سەوداگەرییەک لە ئاست بیرو هەڵوێستو هەڵبژاردنی ناکات.
ئەوەتا شێرکۆ بێکەس سەبارەت بە شەهید کردنی ( عوزەیری )لە شاکارێکیدا دەفەرموێ :

کەس نەیزانی ئەو چۆن کوژرا ؟!
شایەتی ئێمە بە تەنیا :
کۆترە شینکەیەکی شاخ و،
پەڵە هەورێکی کۆچەری و ،
گەڵای شیعرێ بوو"با " بردی ! ....

شێرکۆ بەردەوام دەبێت تا دەگاتە :
هەموو ساڵێ ، سەردانەوەی برینەکانی (عوزەیریش )
لەسەر (هەڵگورد)
زەردەخەنەی دەم گوڵجاڕە
عوسمان عوزەیری، ئەگەرچی بە پێوەری تەمەنو ڕۆژگار ئەوەندە نەژیاوەو زۆر زوو ماڵئاوایی لە نەتەوەکەی دەکات. بەڵام کاتیک سەرنجی هۆنراوەکانی دەدەینو بەرەو ناخی جیهانی ئەدەبی (عوزەیری) دەبینەوە هەست دەکەیت لەگەڵ بوێژێکی خاوەن ئەزموونی درێژخایاندا مامەڵەدەکەیت، بەڵام بەداخەوە تا ئیستا ئەو زاتە داهێنەرە پیرۆزە بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە، ئەوەتا ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٠دا (دیوانی شیعری شەهید عوسمان عوزەیری) لەلایەن (بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا) وە بەچاپ گەیندراوەو کورتە لێکۆلینەوەیەکی سەرپێیی هەژاری سەبارەت ئەنجام دراوە، تەنانەت هەڵوێستەکانی بەژێر لێوەوە خراونو بە ئاکارێکی تردا براونو مافی (عوسمان عوزەیری) پشت گوێ خراون، ئەو بەرگە وبەوجورە چاپە کەساسە، شایانی شیعرو هەڵوێستو کەسایەتیو خەبات ومێژووی ئەونییە، بەهەر حاڵ، کاتێکیش سەردانی هەردوو ( پەرتوکخانەی گشتیی وکتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی)م کرد، وعەودالی ناميلکەو دوو دیوانە شیعرییەکەی، سەرباری دیوانە کۆکراوەکەی لە لایەن بەرزانی حاجی ئیبراهیم بووم، توشی شۆک بووم، کە هیچیانم بەدی نەکردو بەنائومێدی گەرامەوە، خۆ ئەگەر بەو پێوەرە هەڵەیەش بێت (کورد زیندوکوژی مردوو پەرستە) ئەوا دەبوایە ئاوڕێک لەم کەڵە شاعیرو نووسەروڕۆژنامەوانە بدرێتەوە !!!. لێرەدا هەڵوێستی (کۆمەڵەی کەلەپوریوفۆلکلۆری کورد)بەرزڕادەگرین، کە ئەمساڵ لەسەر پێشنیاری ماموستا محەمەد مەردان، شەهید عوسمان عوزەیریی بەسەرکردەوەو، پەیکەری ڕێزلێنانی بۆ دارشت، کە وەک دیاری بە چەند کەسایەتییەکی ئەدەبیو نەورۆزپەروەرو خانەوادەی خودی شەهید عوسمان پێشکەش بکرێتو ئەم هەڵەشی بۆ ئێمەش ڕەخساند.

سەرچاوەکان :

*بەرزان حاجی ئیبراهیم : دیوانی شیعری شەهید عوسمان عوزەیری ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٠.
*دیوانی شێرکۆ بێکەس: بەرگی (٥) سوید ٢٠٠٩.
*عصمت شاهین :عیون من الادب الکردی المعاصر، دار الحریە للطباعە، بغداد ٢٠٠٠.



# گەشتێ بەناو ژیاننامەی عوزێریو

محەممەد مەردان

عوسمان عوزێری(١)، بەپێی پاسپۆرتەکەی ساڵی ١٩٣٦ لەسارداو لەدایکبووە، لەو سەروبەندەدیا باوکی پۆلیسی خەیاڵە بووە. ساڵی ١٩٤٤ عوزێری دەخاتە قوتابخانەی ئەیوبیە لەشاری سلێمانی(٢).

## لەسارداوەوە دەگوێزنەوە بۆ چەرمەگا

ڕەواشاد (حەمە عەلی ڕۆستەم)، مامی عوزێری، کەسایەتیەکی ناودارو ئازای سەردەمی خۆی بووە، لەڕژێمی پاشایەتی یاخیبووەو دەبێتە چەتە. لەچلەکانی سەدەی ڕابردودا(عەلی کەمال)، کەئەو کاتەبەڕێوەبەری پۆلیس ئەبێت، ئەکەوێتە بۆسەی (حەمە عەلی)یەوە.
پێی ئەڵێت: تکات لێدەکەم ژنم لەگەڵدایەو وازم لێبێنە، چاکەی ئەمەت ئەدەمەوە. ئەویش زۆر بەرێزەوە بەڕێی دەکات. لەئاکامی ئەمەدا گوندی (چەرمەگا)ی پێدەبەخشێت(٣).
لەناوەڕاستی چلەکاندا چەرمەگا دەگوێزێتەوە بۆ ئەو شوێنەی ئێستا. بنەماڵەی عوزێریش لەسارداوەوە ئەگوێزنەوە بۆ چەرمەگا.

## هونەری وێنەکێشانو جواننووسی:

عوزێری هەر لەسەرەتای منالییەوە لەناو پانتایی سروشتێکی پاکوبێگەردی ڕەنگاوڕەنگی جواندا چاوەکانی کردۆتەوە. ئەو سروشتە دڵڕفێنە لای ببووە پێشانگەیەکی پڕ لەتابلۆی ڕەنگینی هەمیشەکراوە.
لەتەک باڵاکردنی تەمەنیا هەستی دڵو دەرونیان هەژاندووەو وابەستەی ڕۆحی ببون. ئەیویست لەو ڕوانگەیەوە کاری هونەری بکات، چونکە (ژیان و سروشتو هونەر)، لەناخی عوزێریدا ببون بەکلیلێک بۆچوونە ناو جیهانە ڕەنگاڵەییەکەی هونەرەوە. خەتی (ڕوقعە)ی کردبوو بەبنەمای پردی پەڕینەوە بۆ گەیشتن بەخەتە جیاجیاکانی (فارسی، کوفی، نسخ، نستحلیق، شکستەو ثلث و هتد..) ئوچو قامیش ببوونە هاوڕێی هەمیشەیی پەنجەکانی. لەتەک هۆگری جواننووسیو وێنەکێشاندا ئارەزووشی لەشیعر نووسینو خوێندنەوە بووە.

## وابەستەبوونی بەدنیایی شیعرەوە:

حاجی برایمی چەرمەگای مامی عوزێری، دوای ئەوەی خاتوو(نەسرین)ی کچی مامۆستا(عەلی کەمال باپیر ئاغا)ی شاعیر ئەهێنێت.. لەسەرەتای ساڵی پەنجاکاندا ماڵی یەتە شاری سلێمانی. لەساڵی ١٩٥٣دا، عوزێریش بارگەی ژیانی ئەگوێزێتەوە بۆ ماڵی مامی.
گومان لەوەدا نیە سەرەتای دەستپێکی ئەدیبو هونەرمەندان لەناو بازنەیەکی لێوانلێو لەئارەزوو خولیای جیاجیای کوردخایەندا بەرجەستە، یان ئەنجامداوە، دوای دۆزینەوەی خۆیان لەناو کایەکانی ئەدەبو هونەردا ئیتر درێژەیان بەحەزەکانیان داوە..
کەشوهەوای ماڵی (حاجی برایم)یش، گۆڕانکاری بەژیانی هونەری عوزێریدا ئەهێنێت، بەتایبەتی تێکەڵبوونی لەتەک ماڵی مامۆستا عەلی کەمال باپیر ئاغاو هەڵوێستی کوردایەتی حاجی مامی، کەئەو کاتە سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان بووە. هەرکەسو لایەنێک پێویستیان پێیبوایە هاوکاری کردوون. بۆ وێنە، ڕەوانشاد غەفوری میرزا کەری هەروەها ئاوێتەبوونی لەگەڵ شاعیرو ڕۆژنامەوانی مەزن (کەمالی) وا لە عوزێری دەکات دەستبەرداری (ڕەنگو ڕووناکیو سێبەری وێنە)ببێتو ئاوێزانی شیعر ببێتو دواتر لەژێر کاریگەری مامۆستا (گۆران) ی مەزندا زیاتر درێژەی بەشیعر نووسین داوە. لەم دیدگایەوە مامۆستا (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیریش ئەڵێت: ((بمانەوێو نەمانەوێ عوزێری ئەوە دەسەلمێنێ، کە شاعیرێکی سەرکەوتووی ئەو قوتابخانەی شیعری گۆرانو بارودۆخی گەلێ لەهۆنراوەکانیش شایەتی ئەوەن، ئەگەر بەجوانی شەهید نەکرایە... تەکانێکی دیاری بەشیعری کوردی ئەدا لەو سەردەمەدا، چونکە دەنگی تایبەتی خۆی هەیە.. هەروەها یەکەم شاعیری کوردە، کەهەوڵی داوە لەشێوەی بەزمو ڕەزمی لاوکو حەیران شیعر بنووسێ)) (٤).
دواتر بوو بەهەناسەی دەنگێکی ناوازەی ساڵەکانی ناوەڕاستی پەنجاو شەستەکانی هۆنراوەی نوێی کوردی.

## عوزێری پەیامنێری ڕۆژنامەی ژین نەبووە

بەڕێز بەرزان حاجی برایم، لەپێشەکی دیوانە شیعری شەهید عوزێریدا، کەلە ساڵی ٢٠٠٠دا چاپکراوە، ئەڵێت: عوزێری لەتەمەنی (١٧)ساڵیدا پەیامنێری ڕۆژنامەی (ژین)ی سەردەمی گۆران بووە.
مامۆستا گۆرانیش بەپێی نووسینەکەی مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم)، کەلەتشرینی دووهەمی ١٩٥٢دا، کەلەبەندیخانە بەردەبێت ئەکرێ بەبەرپرسی ڕۆژنامەی (ژین) تا ئەیلولی ١٩٥٤ (٥)، وەلێ دوای بەدواداچوونو پەیوەندیکردن بە بەڕێز (د. مەلا بێستون)، کە گەنجینەیەکی پڕ لەزانیارییە، کاتێ پەیوەندیم پێوەکرد، بەڕێکەوت لە (بنکەی ژین) بوو، وتی: بەهیچ جۆرێک نەمبیستووە، کەپەیامنێری ڕۆژنامەی ژین بوبێت.
هەر لەوێدا مامۆستا (ڕەفیق ساڵح)، سەرۆکی بنکەی ژین، وتی: (سدیق)ی برام سەیری تەواوی ڕۆژنامەی (ژین)ی سەردەمی گۆرانی کردووە بەهیچ جۆرێک ناوی عوسمان عوزێری تیا بەدی نەکراوە، کەپەیامنێر بووبێت.
باشترین بەڵگە عوزێری خۆیەتی، کەلە پێشەکی (گوڵزاری کوردستان)دا، ئەڵێت: ((لەساڵی ١٩٥٦ی زایینی دەستم دایە نووسینی هەڵبەست، ئەوەشم لەیاد نەچێت، کەلە منالیەوە زۆر ئارەزووم لەشیعر نووسینو خوێندنەوە بوو، بەتایبەتی یەکجار هۆگری وێنەکێشان بوو بووم، تاکو ساڵی ناوبراو هەر بەوێنەو خەت کێشانەوە خۆم خەریک کردبوو). (٦)
بەم نووسینەدا زیاتر ڕووندەبێتەوە، کە لەدوورو نزیکەوە پەیامنێری ڕۆژنامەی ژین نەبووە.

## ساڵی ١٩٥٦ چووە بۆ شاری بەغدا

بەپێی ناونیشانی هۆنراوەی (سوێند ئەخۆم)، کەلە ڕۆژی (١٩٥٧/٨/٢١)لەشاری بەغداد نووسیویەتیو ئەڵێت:

گیانە واشێت بووم لەدووری چاوت
بۆشێوەی شیرین باڵای لاولاوت
ساڵونیوێکە من لەتۆ دوورم
هێشتا نەمدیوە شێوەو سەڵاوت(٧)

بەناوەڕۆکی ئەم هۆنراوەیەدا دەردەکەوێت، کەلە سەروبەندی ڕۆژی (١٩٥٦/٢/٢١)داو لەتەمەنی (٢٠)ساڵیدا ڕووی لەشاری بەغدا کردبێت. ئەمەش دیسان ئەو دیدوبۆچوونانە ڕەتدەکاتەوە کەوتراوە ساڵی ١٩٥٧ بۆ درێژەپێدانی خوێندن ڕووی لە شاری بەغدا کردووە.
بۆ ئەمەش پەیوەندیم بە بەڕێز((د. مەلا بێستون)ـەوە کرد.
وتی: بۆ خوێندن نەچووە بۆ شاری بەغدا، بەڵکو لەو ساڵەدا دەورەیەک بۆ (مخابیری، یان شورتەی ممتاز)کراوەتەوە، عوزێریش چووە بەشداری لەو دەورەیەدا کردووەو تیایدا سەرکەوتوو نەبووە)).
چوونی عوزێری بۆ شاری بەغدا، لەزۆر ڕووەوە گۆڕانکاری بەسەرداهات.
جگە لەگەشەکردنی زەریای شیعر، چووە ناو پانتایی شانۆو دەستی بەوەرگێڕانو نووسینی بابەتی شانۆیی کرد. تێکەڵاو بەکۆڕو کۆبوونەوەکانی ئەو هونەرمەندو شاعیرو نووسەرانە ئەبێت، کەلەشاری بەغدا ئەژیان.
مامۆستا (حەسەن تەنیا) ئەڵێت: ((ساڵی ١٩٥٧ ڕێگە بە (یانەی سەرکەوتنی کوردان)درا(٨)، تیپێکی هونەری بەناوی (کۆمەڵەی ئاوازی کوردی)یەوە دابمەزرێنێ، لەمانگی شوباتی ئەو ساڵەدا کۆمەڵ پێکهات، کەئەندامەکانی بریتی بوون لەهونەرمەندان: شەماڵ سائیب، تەها بابان، ئەحمەد دەنگ گەورە، عوسمان عوزێری، حسێن قەرەداخیو ئەژی گۆران)) (٩).
ئەم کۆمەڵە لەمانگی نیسانی ١٩٥٧دا، لەسەر شانۆی هۆڵی گەل لەبەغدا شانۆگەری (ژیانی قوتابی لەغەریبایەتی)دا، بەسێ پەردە نمایش دەکەن، عوسمان عوزێریش یەکێک بووە لە کارئەکتەرەکانی ئەم شانۆییە.
ئەژی گۆران ئەڵێت: ((ئەمە یەکەم شانۆگەری کوردی بووە، کەلە بەغدا پیشان بدرێت- ٩،ل٨٢)).

## سۆزی گەڕانەوەی عوزێری بۆ کوردستان

دوای ئەوەی عوزێری لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٦دا چووە بۆ شاری بەغداو بۆ ماوەیەکی زۆر لەکوردستان دوور بووە.. بەپێی ناونیشانی هۆنراوەی (ئۆخەی نیشتمان)، کەسۆزی دەربڕینی هەناسەی شیعرێکی زۆر جوانە بۆ ئەوینی کوردستان. لەڕۆژی (١٩٥٧/٩/٢)دا گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانیو لەپێشەکی هۆنراوەکەدا ئەڵێت: ماوەیەکی زۆر چاوم بەکوردستانی خۆشەویست نەکەوتبوو، لەشادیا ئەم هەڵبەستەم دانا، بۆ دەربڕینی هەستی بەکوڵم، کەتاسەی دوورییەکی پێ بشکێ.

(ئۆخەی نیشتمان هێزی دەروونم
بیبلەی چاو و گلارەی ڕوونم
ئەمجارەش نەمردم تۆم بینی یەوە
نەما ئاهەکەی دوورو مەفتوونم
ئیتر بیشمرم خۆشیم ئەگاتێ
کەشاد بووم بە تۆ زیاتر لە ساتێ
ئەگەر مردیشم خاکی پیرۆزت
وام دا ئەپۆشێ خەمم نەگاتێ-٧،ل٧).

## ڕادیۆی کوردیی بەغداد

ڕادیۆی کوردی بەغدا، کەلە ڕۆژی یەکشەممە ١٩٣٩/١١/١٩ کراوەتەوە، پەیمانگەیەکی تر بوو بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنفکری عوزێریو لەتەمەنی (٢٢)ساڵیدا وابەستەی کاری بێژەری بووە، جگە لەپێشکەشکردنی دیوانی شیعر، لەهەمانکاتدا ((هاریکاری گەڵاڵەکەری بەشی هونا بەغداو وتار نووسین بووە)) (١٠).

## دەبێت بەفەرمانبەر لەمتصرفیەتی سلێمانی

لەدوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨ ئەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی، بەڵام دەستبەرداری ڕادیۆی کوردی بەغدا نابێت، بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەوکاری تایبەتی تر سەردانی بەغدا دەکات. لەهەمانکاتدا لە (موتەسەرفیەتی سلێمانی) واتا (پارێزگا) دەبێتە نووسەر. مامۆستا (جیهان عومەر)ی چیرۆکنووس ئەڵێت: ((لەگەڵ عوسمان عوزێریدا بۆ ماوەیەکی زۆر پێکەوە لەو فەرمانگەیە کارمانکرد تاوەکو ١٩٦٠/٨/١٥، کەبەیەک لیست کۆتایی بەڕاژەکەمان هات، ئەوەی لەیادم بێتو لەو فەرمانگەیە لەگەڵماندا بوون شاعیری پایەبەرز (گۆران) و هەردوو هونەرمەند (کاوە ئەحمەد میرزاو ئیسماعیل شێخ عەلی بەرزنجی)و بەڕێزان: (شێخ محەمەد مەحویو ئەنوەر جاف) بوون، کۆتایی هێنانەکەش بەڕاژەکەمان بەهۆی کێشەیەکی نێوان موتەسەرفی ئەو کاتە ( عادل جەلال)، چوونی گۆرانی شاعیر بوو بۆ کۆنگرەی ئاشتی لەشەقڵاوە)) (١١).
عوسمان عوزێری، تێکۆشەرێکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەرێکی کەم وێنەی ڕاستگۆبوو. مامۆستا (جیهان عومەر)ی نووسەر ئەڵێت: ((مرۆڤێکی چاکو کارگوزار بوو لەڕێکخستنی ئەدەبیو هونەریو لاواندا، کەئەو کاتە کارمان پێکەوە دەکرد لەڕیزەکانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، کەبارەگاکەی لەبەرامبەر مزگەوتی گەورە بوو، بەتایبەتی لە (تیپی تەمسلی خەبات) ئەو تیپەش گەلێک چالاکی هونەری هەبوو سەر بەو ڕێکخراوە بوو)-١١،ل٢٠).
هەر لەڕوانگەی کاروباری ڕامیاریو ڕێکخستنەوە (حاجی جەمال)، سەبارەت بەڕۆڵی عوزێری وتی: ((عوزێری کەسێکی زۆر بەغیرەتو دڵو دەروون پاکی مەزن بوو. لەکاری ڕێکخستندا زۆر شارەزاو کارامە بوو، سەرۆک شانەمان بوو. لەدائیرەی ڕێگاوبانیش لەگەڵ بەڕێزان: شێرکۆ بێکەس، عەلی بۆسکانی، عوسمانی دەروێش بەکر، بەکری حەلاو، فوئادی حەمەی شێخەلیو سەلاحی حەمەی شێخەلیو عوزێری دا، پێکەوە فەرمانبەر بووین. کاتێ لەشەڕی دەربەندی بازیان بریندارکرا، لەماڵی عەزیز بەگی خەزووری بەنهێنی تەداوی ئەکرا، زوو زوو ئەچووم بۆ لای (١٢).

## ڕۆڵی عوزێری لەکاری شانۆدا

گومان لەوەدانیە دابونەریتو بۆنەو یادە فۆلکلۆریو نەتەوەییەکان بەردی بناغەی دروستبوونی شانۆی کوردی بوونو تاوەکو ساڵی پەنجاکان بەشێوەیەکی کلاسیکی کاریان لەسەر کردووە.
وەکو (شێرکۆ بێکەسو عوزێری)ئاماژەیان بۆ کردووە لەناوەڕاستی ساڵی پەنجاکانی سەدەی پێشوودا، پەنجەرەیەکی نوێ بەڕووی ئەمکارە جوانەدا خراوەتە سەرپشت.
شێرکۆ بێکەس بۆ ئەمکارە، لەوەڵامی پرسیارێکی ڕووبەڕووی (هەڤاڵ کوێستان)یدا ئەڵێت: ((بەلای منەوە یەکەم دروشانەوەی ئەستێرەی ئەم هونەرە لەکۆتایی پەنجاکانەوە دیاریدا، من تا ئەو کاتە شانۆی کوردی بەشانۆیەکی هونەری درامی نازانم، بەڵکو تارمایی شانۆ بوون)) (١٣).
عوزێریش لەم ڕوانگەیەوە لەپێشەکی کتێبی (لەپێناوی دادپەروەریا) ئەڵێت: ((ئەگەر بێتو چاوێک بەوێژەی کوردیدا بخشێنینو تەرخەم بەینە (شانۆ)، ئەبینین هێشتا شانۆ شوێنی تایبەتی نەگرتووەو نەچەسپاوە لەناو وێژەی کوردیا بەهیچ جۆرێک، چونکە هونەری شانۆ لەناو کوردەوارییدا شتێکی تازە داهاتووە، وەبۆ ڕاستی ئەم قسەیەش هەموو جۆرە سامانو میراتیە وێژەییەکانمان بپشکنین هیچ جۆرە سامانێکی شانۆیمان نییە)) (١٤).
بەو پێیەبێت ئەشێ بڵێین عوزێری چ وەکو ئەکتەرو چ وەکو نووسینو وەرگێڕانی دەقی شانۆیی، بەیەکێک لەپێشەنگەکانی بواری شانۆدا دادەنرێت، کە شوێن دەستی دیارە، وەک: جگە لەپێناوی دادپەروەریا (یاسایی قازێتی- شانۆنامە، عیسمەتی کچی قازی محەمەد- چیرۆکێکی شانۆی کورتە (١٥)، ئەشکەنجەی خۆشەویستی- چیرۆکێکی کۆمەڵایەتیە، ماجدولین- چیرۆکێکی وەرگێڕاوە).

## شانۆ دەبێتە جێژوانی ئەوینی ئاوات و شیرین

بەپێی ئاماژەکانی ساڵی پەنجاکان دەرگەیەکی نوێ بۆ شانۆی کوردی خراوەتە سەر پشت. کچان وابەستەی شانۆ بوون. هەرچەندە لەوکاتو سەردەمەدا بینینی ڕۆڵی کچان هەروا ئاسان نەبووە، بەتایبەتی لەکۆمەڵگەیەکی دواکەوتویی ئەو کاتەدا.
ئەم هەنگاوەی کچانە بەخەباتێکی سەخت دائەنرێت. یەکێک لەو کچە پێشەنگانە خاتو پەروینە، کەلەساڵی ١٩٥٩داو لەتەمەنی (١٤)ساڵیدا ((بەشداری شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر) دەکات، کەلەنووسینو دەرهێنانی مامۆستا (کامەران موکری) بووە، ئەکتەرەکانیش بریتی بوون لە: کامەران موکری، کەمالەدین حاجی تۆفیق، جەلال وەستا ئەمین، مەحمود عەزیز بەگو تاهیر ساڵح سەعید، کچەکانیش: گەلاوێژ سابیر کۆیی، پەروین عەزیز،سوعات سەعید بوون. ئەم شانۆگەرییە لەسەر شانۆی ئامادەیی کوڕان بۆ ماوەی (١٠)ڕۆژ پێشکەشکرا ٩- ل١٧)).
پێی ئەچێت پیرۆزی شانۆ هۆکاری سەرەکی لەیەکنزیکبوونەوەی ئەوینی ئەم دوو کەسایەتیە دڵسۆزە بوبێت.. ئەوانیش بۆ پاراستنی ئەشقەکەیان، ناوی خوازراوی (شیرینو ئاوات)یان بۆ خۆیان داناوەو لەزۆربەی شیعرەکانی عوزێریدا ڕەنگی داوەتەوە، لەهۆنراوەی (ئاوات بۆ شیرین) ئەڵێت:

(خۆشەویستی تۆ کاری کردۆتە هەموو ژیانم
بۆتە خۆراکی دڵو جگەرو بیرو گشت گیانم
گەر شەماڵ تۆزێ.. تۆزی ژێر پێت بدا بەرووما
پێی ئەژیەمەوە بەپیرۆزترین دیاری ئەزانم
(شیرین) ئەم ژینو هەموو دنیایەم لەبەر تۆ ئەوێ
تەنانەت لەبەر چاوانی تۆیە خۆشی ئەوێ
خوا پەرستیشم لەبەر ئەوەیە خوا تۆی کردووە
شەرتە بەبێ تۆ ژیانو دنیاو دینیشم ناوێ-
١١،ل٢٤٩)

خۆشەویستی لوتکەی هەستو سۆزو هەناسەیەکی پاکو ناسکە، لەناو قوڵایی (دڵ)ی مرۆڤدا، جێگەو پێگەی دەبێتەوە، واش لە ئاشقان دەکات ژیان بەجوانی ببینن، عوزێریش خۆشەویستەکەی هێندە کاریگەری لە سەری هەبووەو بۆی بووە بەخۆراکی ڕۆژانە، بۆ بەهێزکردنی ئەندامەکانی جەستەی. بۆیە تکای لەشەماڵ کردووە کەمێ لەڕووخساری تۆزی ژێر پێی (شیرین)ی بۆ بهێنێتو بیدا بەدەموچاویا.
شەماڵ ئەو(با)جوانەیە، کەلای ڕاستی قیبلەوە دێ، قیبلەش لای ئیسلام زۆر پیرۆزە، بۆیە هانای بۆ بای شەماڵ بردووە.
یان ئەڵێ تەواوی شیرینی دنیام، لەبەر ئەوینی تۆ، لاپیرۆزوجوانو شیرینو مەزنە، پەرستنو بەجێهێنانی فەرمانەکانی یەزدانم لەبەر جوانی تۆیە، کەپەری ئاسا دروستیکردوویت. لەکۆتایی شیعرەکەدا ئەڵێت: ئەگەر ژیانم لەتەک ڕۆحی تۆدا نەبێت، شەرتبێ ئەو دنیاو دینەشم نەوێت!.

## ئاواتو سزا

ئەو ڕۆژانەی عوزێری لەبەندیخانەی سلێمانی بەند ئەبێت، ڕۆژانی هەینی دەرگەی بەندیخانەکە کراوە ئەبێت بۆ ئەو کەسانەی سەردانی بەندکراوەکان ئەکەن. عوزێریش هەموو ڕۆژانی هەینیەک چاوەڕوانی دەزگیرانەکەی دەکات، کەسەردانی بکات.
ڕۆژی هەینی (١٩٦٢/٩/٧)، کەسوکاروخزمو ناسیاوانی، کەسەردانی ئەکەن، خاتو (شیرین) یان لەگەڵدا نابێت! بەجارێ هۆشو بیری لای خۆی نامێنێت! ئەڵێ: بۆ (پەروین)تان لەگەڵدا نیە؟! ئەڵێن: نەخۆشبوو، نەیتوانی بێت. ئەم هەواڵە ئازارێکی زۆر بەناخی عوزێری ئەگەیەنێت. ژانو ئازاری ئەو هەواڵە دەبێتە هۆکاری لەدایکبوونی هۆنراوەی (ئاواتوسزا):

کەچی ئەمڕۆکەش بیستم نەخۆشی
بەڕاستی هەرچی هۆشبێ یاخۆشی
هەرچی توانابێ، هێزبێ، بەجارێ
سەد قات لەپلەی خۆی هاتە خوارێ

یان:

ئینجا سەرم بەیت، بێیت بۆ بینینم
ئەی هێزی ئەژنۆو ئاواتی ژینم
من بێجگە لەوەی دیلی داوی تۆم
کەگیان نازانم هەرگیز بەهی خۆم
دڵمت بردووە، ژین لەدەستایە
ئێستا لەشیشم لەبەندایە
من دەسەڵاتم نییە سەرت بەم
وەک جاران سکاڵات بکەم
ئێستا کە بینین لەدەست تۆدایە
ئەی گیانی شیرین ئاواتم وایە
هەرکە چاک بوویتەوە هێزی ژیانم
بێوەستان، خێرا بێیت بۆ سەردانم١١،ل٢٤١).

## ڕۆڵی عوزێری لەنەورۆزدا

لەگەڵ وابەستەبوونی بەجیهانە ڕەنگاڵەییەکەی شیعر نووسینەوە، هەتاکو ساتەوەختی شەهیدبوونی، کەدەکاتە نزیکەی(١٠)ساڵ، جگە لەبەشداریکردنی یادکردنەوەکانی جەژنی نەورۆزدا، (٧) هۆنراوەی کورتو درێژی بۆ نووسیووە.
شاخی (تۆکمە)، کە نزیکی گوندی (قازان)ی بەرامبەر بەچەرمەگایە قیبلەنمای نەورۆزپەوەرانی ناوچەکە بووە، کاریگەری مەشخەڵی نەورۆزی لوتکەی تۆکمە بووە بەهێمایەک بۆ ئاوێزانبوونی باڵای شیعرەکانی عوزێری.
لەو ڕۆژەوەی، کە چووە بۆ شاری بەغدا، تێکەڵاوی لەتەک هونەرمەندانو شاعیرانو ڕۆشنبیرانو کوردەکانی ئەو شارە پەیدا دەکات. بۆ یەکەمین جار لە گەڵ ئەوانەدا بەشداری لەئاهەنگی یادکردنەوەی نەورۆزی ساڵی ١٩٥٧دا، لەشاری بەغدا ئەکات، کەلە (سەلمان پاک) سازکرابوو، لەئاهەنگەکەدا عوزێری پێشکەشکاری یادەکەبووە.
ساڵی ١٩٥٨ بەهەمان شێوە بەشداری لەیادکردنەوەی جەژنی نەورۆزدا کردووە لەشاری بەغدا، کەلە (باخچە هەڵواسراوەکانی بابل) دا سازکراووەو لەهەمان ساڵدا دوو هۆنراوەشی بۆ نەورۆز نووسیووە.
یەکێکیان لەدژی یەکگرتنی ڕۆژی (١٩٥٨/٢/١٤)ی ئەردەنو عێراقە:

(کوردینە بۆچی پەرژو بڵاون؟
لەناو خۆتانا لەیەک براون؟
یەکگرن هەموو ئەوا درەنگە
نوستوویی نەماوا کاتی جەنگە
بەرەو دوژمنتان بەهەڵمەت ڕاکەن
لەجیاتی دەرزی سوژنیان پیاکەن
تاکو بزانن کار بە زۆر نابێ
دوا ڕۆژی زۆردار ئەبێ ڕسوابێ- ٧،ل٤٣)

جاران، کەڕژێم ڕێگربوو لەیادکردنەوەی جەژنی نەورۆزدا.. کوردەکان بۆ بەرپەچدانەوە دەچوون (تایە)ی سەیارەیان لەناو گەڕەکو شەقامو شوێنە بەرزەکان گڕیان تێبەر ئەدا. عوزێری لەتەک ئەو ڕێگریەدا، بیری لای ژینگەپارێزی بووە، لەهۆنراوەی دووهەمیدا لەجیاتی وشەی (تایە) داری بەکارهێناوە!

(جەژنی نەورۆز، ئاگری بەکڵپەی دڵو
سۆزی دەروونی خەڵکی ئەم نیشتمانە
نەکرێتەوە تامی نییە، گەر بەیەک دوو دار
گڕ تێبەردەی وەکو یاری منداڵانە- ٧، ل٤٥).

عوزێری لقو گەڵاو پرچی دار ئەرخەوانێکی جوان بوو.. بەر لەهاتنی وەرزی بەهار پەرەی دڵی گوڵی شیعری کردووە بەفەرشی ڕێگە بۆ پێشوازی بووکە جوانەکەی وەرزی ساڵ:

(ئەمڕۆ بەهارە بولبول ئەخوێنێ
جیهان چەن خۆشە
بۆنی گوڵاڵە شادی ئەهێنێ
دڵ بەپەرۆشە
جیهان بەیەکجار بووە سەوزو سوور
بەگوڵ ڕازاوە
سەرسام ئەکەن کەنێرەو چنور
بەشنەی باوە
لەگەڵ ئەو هەموو شادیو خۆشیە
جەژنی نەورۆزە
لەناو کوردانا هەرووخۆشیە
و جەژنە پیرۆزە-٦-ل١٥).

شۆڕشی چواردەی تەمووز کانی شیعری عوزێری زیاتر تەقاندو تینویەتی چەوساوەکانی سەردەمی پاشایەتی پێشکاندووەو ڕقی پەنگخواردوی چەندین ساڵەی بەرامبەر بەزوڵمو زۆرداری زوحاکەکان دەربڕیووە:

(ئەوانەی مافو گەڵو نیشتمان
بەدەستیانەوە دایم ئەینالاّن
ئێمەیان فرۆشت بۆ بێگانەکان
مژدەبێ کوردە ئەوا سەربڕان
هەروای بەسەردێ ئەوەی ناپاکبێ
ئەنجامی ئەبێ وەکو زوحاکبێ-٦،ل٧٥).

## نەورۆزی ساڵی ١٩٥٩

بەهۆی ئەو ئازادییەی ساڵی ١٩٥٩، کەبۆ کوردەکانی باشووری کوردستان ڕەخسابوو، بەساڵێکی زێڕین دائەنرێت. لەتەواوی شارو شارۆچکەو گوندەکانی باشوور بەئازادانە یادی جەژنی نەرۆز کراوەتەوە، بەتایبەتی لەشاری سلێمانیدا لەدوو شوێنی جیاواز یادکراوەتەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان لەتوی مەلیکو حیزبی شوعیش لەمامەیارە. عوزێری یەکێکبوو لەئەندامە هەڵسوڕاوەکانی لیژنەی سەرپەرشتی تووی مەلیک لەگەڵ بەڕێزان: نەجمەدین مەلا، کامەران موکری، محەڕەم محەمەد ئەمینو ئیسماعیل عارفو.. هتد..

## نەورۆزی ١٩٦٠

لەبەر ئەوەی عوزێری بەهۆی کاری سیاسیەوە پێیەکی لەسلێمانیو پێیەکەی تری لەبەغدا بووە. بۆ یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی ١٩٦٠بۆی نەگونجاوە بێتەوە بۆ شاری سلێمانی، بەڵکو ئەو هۆنراوە درێژەی، لەژێر ناوی (یادی نەورۆز)دا، کەلە ڕۆژی پێنجشەممە ١٩٦٠/٣/١٧دا نووسیویەتی بەیانیەکەی لەڕادیۆی کوردی بەغدا خوێندویەتیەوەو بۆ ئێوارەکەشی دیسان لەو ئاهەنگەدا خوێندوێتیەوە، کەپارتی سازیکردبوو.
لەناوەڕۆکی هۆنراوەکەدا زیاتر پیرۆزی خوێنی شەهیدان باسدەکاتو ڕەنگی سووری کڵپەی ئاگری نەورۆزی چواندووە بەخوێنی شەهیدان:

(ئەوەش هەمووی کڵپەی خوێنی
شەهیدانی کوردستانە
واتیشکی سووری بزوێنی
لەسەر ڕووی ئەم نیشتمانە-٧، ل٤٨).

لەکۆپلەیەکی تردا ئاگاداری نەتەوەکەی دەکات، کەشەهیدانیش ئاگایان لەهاتنی ڕۆژی جەژنی نەورۆزە

(شەهیدانیش بێبەش نابن
لەم جەژنە خۆشە پیرۆزە
یان وەنەبێ، بێ ئاگابن
کەئەمڕۆ جەژنی نەورۆزـ٧،ل٤٩).

هەر لەهەمان ساڵداو ڕۆژێک پێش هاتنی جەژنی نەورۆز، ئەم هۆنراوەیە ئەنوسێت:

(نەورۆز بڵێسەو مەشخەڵو هەستە
جەژنە، باوەڕە، بەستەو مەبەستە
ژیلەیە، گڕە، پشکۆیە، تینە
خۆشیو شادییە، هیوایە، ژینە
بۆیەگەلی کورد بەئاواتەوە
گشت ساڵێ یادی نوێ ئەکاتەـ٧، ل٢٣) (١٦)

## نەورۆزی ساڵی ١٩٦١

بەپێی ئاماژەکان یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٦١ گۆڕانکاری تیاکراوە. جگە لەوەی ئێوارە لەزۆربەی سەربانی ماڵەکانو لوتکەی هەروتەی شاخی گۆیژەو گردی یارەوسەرگومەزی هەندێ لەقەبرەکانی سەیوان ئاگری نەورۆز کراوەتەوە. بۆ بەیانیەکەشی تەواوی دوکانەکانی ناوشاری سلێمانی داخراون، زیاتر لە (٧٠)لاوی سوارچاک، لەگەڵ ئاپۆرەیەکی خەڵکی زۆردا، بەوتنەوەی سروودو دەهۆڵو زوڕنا بەناو شەقامەکاندا گەڕاون لەتەک ئەوەشدا لەکوچەو کۆڵانەکاندا ئاهەنگو هەڵپەڕکێ تاکو ئێوارە سازکراوە. لەبڵندگۆی بارەگای (پ. د. ک) سروودو گۆرانی لێ دراوە.
عوزێریش یەکێکبووە لەئامادەکردنو سەرپەرشتیکردنی ڕێوڕەسمی بارەگای (پ. د. ک).

## نەورۆزی ساڵی ١٩٦٢

دوای هێرشو پەلامارەکانی ڕژێمی فاشستی عەبدولکەریم قاسم، لەساڵی ١٩٦٢دا، دەستی بەسوتاندنی گوندەکانی کوردستانو قەدەغەکردنی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی کرد. هەر لەو ساڵەدا عوزێری دوا هۆنراوەی نەورۆزی لەژێر ناونیشانی (ئاگری نەورۆز) دا، لەبەندیخانە نووسیوەو لەدوا کۆپلەدا ئەڵێت:

(بزانە ئێمە، کەجەستەی خۆمان
ئەکەینە چرای ڕێگای تێکۆشان
خۆمان ئەبینە سوتەمەنیوگڕ
خۆمان ئەبینە مەشخەڵو ئاگر
ئاگری نەورۆز وا ئەکەینەوە
گرەوی ژیان هەر ئەبەینەوە -١١،ل١٩٨).

عوزێری لەسەرەتای شەستەکاندا، بەرەنگاربوونەوەی قەدەغەکردنی ئاگرکردنەوەی جەژنی نەورۆزی بەداگیرکەران ڕاگەیاند، ئەو ئاگرە پیرۆزە بەجەستەمان ئەکەینەوە.
دوای تێپەڕاندنی (٢٠)ساڵ بەسەر ئەو هەڵوێستەی عوزێریدا.. لەسەرەتای هەشتاکانەوە تاکو ساڵەکانی دوایی چەندین نەورۆزپەروەر بەجەستەی پیرۆزیان ئاگری نەورۆزیان داگیرساندووە، وەک شەهیدان: مەزلوم دۆغان، سلێمان ئادی، زەکیە ئەلکان، ڕووناهی بێریڤان، ڕەهشانو شاگوڵو هتد..

## هاتنەدی ئاواتە شیرینەکانی عوزێریو پەروین

دوای زیاتر نزیکبوونەوەی هەناسەی گوڵڕەنگینی ئەوین پاکی نێوان (پەروینو عوزێری))، کەچەند ساڵێک لەژێر سایەو سێبەری دنیای نهێنی ڕۆژە سەختەکانی خۆشەویستیان بەناوەکای (شیرینو ئاوات) بەڕێکردووە، لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٠دا بەئاواتی دڵی خۆیان دەگەنو لەڕۆژێکی ئەرخەوانی جواندا ئەڵقەی دەزگیرانی ئەگۆڕنەوە.

## عوزێری فرە ڕەهەند بوو

عوزێری ڕۆشنفکرێکی بەتوانای فرەڕەهەندی زەریای ئەدەبو هونەرو کوردپەروەرێکی دڵسۆزی سەردەمەکەی خۆی بووە. زمانەکانی: ئینگلیزی، عەرەبی، فارسیو تەنانەت شێوەزاری هەورامی زۆر بەچاکی زانیووە. لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی: ژین، هەتاو، پێشکەوتن، شەفەقو خەبات.. هتد.. نووسینی هەمەجۆری بڵاوکردۆتەوە،لەبوارەکانی: شێوەکاری، جواننووسی، شیعر، چیرۆک، شانۆ، وەرگێڕان، ڕەخنە، بێژەریو یادەکانی نەورۆزدا و هتد.. جێگە دەستی دیارە.

## کارکردن لەبواری مێژوودا

شەرەفخانی مێژوونووس ئەڵێت: مێژووناسین لەسەروی هەموو هونەرانەوەیە (١٧). دوکتۆر کەمال مەزهەریش ئەڵێت: مێژوو زانستی زانستکانە. (١٨) بێگومان مێژوو چرایەکی پرشنگدارە بۆ ڕووناککردنەوەی نێوان دوێنێو ئەمڕۆ.. مێژوونووسیش ڕابردوو بەداهاتو ئەناسێنێت.
عوزێریش بڕوای تەواوی بەمێژوو هەبووە ئەڵێ:





# ڕۆڵی لەئەدەبو هونەرو سیاسەتدا

پێویستە شارەزای مێژووی نەتەوەکەمان بینو وانەو پەندی لێوەربگرین (١٩).

## مێژووی جوڵاوەی مامۆستایان لەپۆڵەندا

دوای خوێندنەوەی نامیلکەی مێژووی جوڵانەوەی مامۆستایان لە پۆڵەندە، دیقەت ئەیا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئازارومەینەتیەکانی کوردستاندا نیە، دەستبەجێ ئەیکات بەکوردیو لەپێشەکییەکەیدا ئەڵێت: ((بەڕاستی ئەو گیروگرفتو چەڵەمانەی، کەهاتۆتە بەردەمی گەلو نیشتمانی پۆڵەندەو ئەو کوێرەوەریەی بەسەریاهاتووە، تا چارەنووسی کوتومت لەگیروگرفتەکانی کوردستانی دابەشکراوو کۆڵەواری خۆمان ئەکات. هەر ئەوەشبو پاڵی پێوە نام کەوەری بگێڕمە سەر زمانەکەمان، بەتایبەتی ئاراستەی ئەو مامۆستا کوردانەی ئەکەم، کەئێستاش هەستیان بەو پێویستییە نەکردووە، کەبزانن مامۆستایەکی کوردنو لێپرسراوی زمانو مێژووی جوغرافیای کوردو کوردستانن، کەلەو کۆرپە کوردانەی بگەیەنن لەبەردەستیانا پێ ئەگرن)) (٢٠).
چۆن کوردستان بەسەر چوار وڵاتی داگیرکەردا دابەشکرابوو، بەهەمانشێوە پۆڵەندەش بەسەر: ڕوسیا، ئەڵمانیاو نەمسادا، دابەشبوبوو. مامۆستایان هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکەیان (٢١).

## شۆڕشی دیاربەکر

پێشئەوەی بکرێت بەکتێب لەیەک دوو کۆڕو کۆبوونەوەی جەماوەریدا خوێندویەتیەوە.
یەکێک لەو کۆڕانە لیژنەی ناوچەی بەغدادی (پ.د.ک)، لەڕۆژی ١٩٦٠/٦/٢٨دا، بۆ یادی لەسێدارەدانی (شێخ سەعیدی پیران)و هاوڕێکانی سازیکردبوو. لەو کۆڕەدا عوزێری خوێندویەتیەوە.
جگە لەدوکتۆر کەمال مەزهەر مامۆستا (عومەر مارف بەرزنجی)یش، سەبارەت بەم کتێبە ئەڵێت: ((لەکاتێکدا، کە ئەم کتێبەی عوزێری بڵاوکرایەوە تا ئەو ڕۆ ژگارەو ماوەیەکی دواتریش هیچ بابەتێکی سەربەخۆ سەبارەت بەم شۆڕشە مێژوویییە بڵاونەکرابوەوە، بۆیە هەوڵی نووسەر لەم بوارەدا دەبێتە بەر کوڵو یەکەم بەرهەمی کوردی سەبارەت بەشۆڕشی باکوری کوردستان)) (٢٢).

## شەڕی دەربەندی بازیانو بریندار بوونی عوزێری

دەربەندی بازیان، کلیلی دەروازەی شاری سلێمانیە. لەسەردەمی لۆلۆییەکانەوە هەتاکو ئێستا هەرکاتێ، کەدەربەند گیرابێت، سلێمانیش کۆتایی پێهاتووە. پێش بەرپابونی شەڕی دەربەندی بازیان، لەساڵی ١٩٦١دا (پ.د.ک) لەڕۆژی چوارشەممە ١٩٣٠/٩/٦ بڕیاری مانگرتنی سەرتاسەری لەکوردستان بۆماوەی (٣)ڕۆژ ڕاگەیاند.
مامۆستا ئیبراهیم جەلالی تێکۆشەر ئەڵێ: ((مانگرتنەکەلە ڕۆژی ٦-١٩٦١/٩/٧دا، بەڕێژەی (٩٠) لەهەموو شارۆچکەکانی پارێزگای کەرکوکو لەشاری زاخۆو دهۆکی سەر بە پارێزگای موسڵ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام لەڕۆژی هەینی ١٩٦١/٩/٨دا، لە ژێر فشارو هەڕەشەو زۆری پیاوانی ڕژێمی قاسم لەهەندێ شارەکان خەڵکی ناچاری شکاندنی مانگرتن کران. هاوکات لەگەڵ بڕیاری مانگرتنی پارتی. چەند خێڵو سەرۆک خێڵێکی کوردی لەناوچە جیاجیاکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی. بێ پرسو بڕیاری پارتی دەستیان بەخۆپیشاندانی چەکداریکرد)) (٢٣).
ئەو کاتە عوسمان عوزێری ئەندام ناوچەی (پ.د.ک) بوو لەسلێمانی. ڕۆژی دووشەممە ١٩٦١/٩/١١، کەڕژێمی عێراق هێرش دەکات بۆ دەربەندی بازیان عوزێری لەگەڵ (عەبدوڵڵا ڕەزای قەرەچەتان)، کەئەویش ئەندامی پارتی بوو، بەئۆتۆمبیل خواردن ئەبەن بۆ دەربەندی بازیان. لەنێوان ئەڵڵایی و بازیاندا بەبۆردومانی فڕۆکە عوزێری بریندار ئەبێتو قاچی ڕاستی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەتەواوی ئەسوتێت.
ئەیهێننەوە بۆ ناو شار، لەماڵی خاتوو(پەروین)ی دەزگیرانی. بەنهێنی خاتوو (موعەزەز)ی خوشکی پەروین خان، کە ئەو کاتە لەنەخۆشخانەکاری دەکرد برینەکەی بۆ تەواوی ئەکرد.
ڕۆژانە خزمانو ناسیاو و دۆستەکانی بەنهێنی سەردانیان ئەکرد. پەروین خان بۆ (ڕاپەڕ)ی کوڕی باسکردووە، کە یەکێک لەناسیاوەکانی خۆیان، کە جارجار سەردانی ئەکرد. شوێنەکەی عوسمانی بەپیاوەکانی ڕژێم وت! ئەوانیش دایان بەسەرماندداو عوسمانیان بەبرینداری برد. ماوەیەکی زۆر لەسلێمانی هێشتیانەوە، دوایی بردیان بۆ سجنی باقوبە.

## ئازادبوونی عوزێری

عوزێری لەسجن دا زیاتر کاتەکانی بەنووسینو خوێندنەوە بەسەر دەبات، ڕۆژی هەینی ١٩٦٣/٢/٨ بەعسیەکان کودەتا بەسەر عبدولکەریم قاسمدا ئەکەنو لەناوی ئەبەن. (پ.د.ک) لەلای خۆیەوە تەقە لەڕووی بەعسیەکاندا ئەوەستێنێت. سەرەتای مانگی (٣) عوزێری ئازاد دەکرێت.
ڕژێمی عێراقی ئەو گوندانەی نزیکی شەقامە سەرەکییەکان بوون هەموویانی سوتاند بوو. گوندی چەرمەگاش سوتا بوو، ماڵی باوکی لەگوندی (گەبە)ی بەرامبەر بەچەرمەگا نیشتەجێبوون. گڕی خۆشەویستی عوزێری ئەباتەوە بۆ ماڵی باوکی پەروین خان. ڕۆژو کاتی گواستنەوە دیاری دەکەن، مانگی هەنگوینی ئەبەنە گوندی (گەبە)، کە هەواڵی عەبدوڵڵای برای ئەپرسێت، ئەڵێ بۆ دیار نیە بێت بۆ لامان!؟ ئینجا پێی ئەڵێن شەهیدبووەو لەگوندی قازان بەخاک سپێرراوە. (٢٤). ئەچن بۆ سەر ئارمگەکەیو ئەم شیعرەی بۆ ئەنوسێت:

(برای شیرینی نەبەزم، تۆ نامریت تا کورد مابێ
تۆ شەهیدی کوردستانیت، بۆ شەهیدیش مردن نابێ
تۆو هەڤاڵانی خەباتت، کە بۆ کوردستان شەهید بوون
لەناو دڵی کوردا ئەژین، زیندون تا دنیا دنیا بێ-١١، ل٢٦٠)

## کاری بێژەری و پێشمەرگایەتی

ساڵی ١٩٦٣ ئەبێت بەڕابەر سیاسی هێزی خەبات، بەڵام کەلە ڕۆژی سێشەممە ١٩٦٣/٨/٢٠ دەنگی کوردستانی عێراق دامەزرا. بەو پێیەی عوزێری لەڕادیۆی کوردی بەغدا کاری کردووەو شارەزاییەکی باشی لەکاری بێژەریدا هەبووە.. لەڕابەر سیاییەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ ئێزگە. لەم ڕوانگەیەوە وریا جاف ئەڵێت: ((یەکێکبوو لەو کەسانەی، کەکاروباری دەنگی کوردستانی عێراقی ڕائەپەڕاندو لەگەڵ ئەوەشدا بێژەری کرمانجی خوارو بوو)) (٢٥).
ماڵەکەی دەباتە نزیکی شاخەڕەشی نزیکی ئێزگە، لەڕۆژی سێشەممە ١٩٦٤/١/٢١ خوا کوڕێکیان پێدەبەخشێ ناوی ئەنێن (ڕاپەڕ).
ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هەر کاتێ دانوساندنیان لەگەڵ شۆڕشدا کردبێت، خاڵی یەکەمیان داوای ڕاگرتنی پەخشی ڕادیۆکەیان لێکراوە. وەکو وریا جاف ئاماژەی پێکردووە (چەند ڕۆژێک پاش ڕێکەوتنی ١٩٦٤/٢/١٠ پەخش ڕاوەستا -٢٦،ل١٧).
دیسانەوە عوزێری کاری ڕابەر سیاسی پێسپێراوەتەوە.

## دروستبوونی بیروڕای جیاواز

دوای ئەوەی لەمانگی ٢ی ساڵی ١٩٦٤دا، باڵی مەکتەبی سیاسی لە (پ.د.ک) جیابوونەوە، گومانێکی زۆر سەبارەت بەکەسایەتیەکان لەناوهەردوولا دروست ئەبێت.
شێخ عەزیز چەرمەگایی لەیادەوەرییەکانیدا ئەڵێت: ((من سەر پەلبووم لەگوندی (وەڵەسم)ی بناری شارەزوور، عوسمان عوزێری لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک لەدێی (کانی سێف) ئەبێت. نامەیەکی بۆ ناردم لەگەڵ پێشمەرگەکانم دا چووین بۆ لای. لەکاتی بناشتو قسەکردندا وتم ئەمری تەقەت پێیە؟ وتی: نەخێر.. کفرە پێشمەرگە ڕووی چەک بکاتە یەکتر، هەرگیز کاری وانابێت.
عەبدولوەهاب ئەتروشی جوابی بۆ ناردم، کەبەعوسمان عوزێری بڵێم هەموو پێکەوە بچین بۆ پێنجوێن. من گومانم لەو چوونە هەبوو، بەڵام عوسمان عوزێری، وتی: زۆرباشە بابچین، کەنزیکبووینەوە هەر چوار لایان لێگرتینو بردینیان بۆ مەخفەرەکەی پێنجوێن. زۆر بە خراپی لەعوزێریان داو بورایەوە.
هەفتە زیاتر ئێمەیان هێشتەوە. پاشان ئێمەیان برد بۆ گەڵاڵە، بەڵام زۆر خراپ بۆیان تێچاندبووین. لەوێش زۆریان لەعوسمان دا. دوای ئەوەیان برد بۆ سجنی سەنگەسەرو ئێمەیان ئازاد کرد))) (٢٦).
لەپاش هەوڵدانێکی زۆر (مەجید ڕۆستەم)ی مامی ئازادی ئەکات. لە گوندی چەرمەگا دائەنیشێت.

## دیسان ئەگەڕێتەوە بۆ ئێزگە

وریا جاف ئەڵێت: ( لەناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٦٥، سەرکردایەتی شۆڕش دەنگی کوردستانی عێراقی دامەزراندەوە-٢٥،ل٢١).
لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٥دا عوسمان لەپێنجوێن چاوی بەخوالێخۆشبوو بارزانی ئەکەوێت.
بارزانی پێی ئەڵێت: هەر ئێستا بچۆرەوە بۆ ئێزگە. عوزێریش ئەڵێ: چاوم تەواو نیە، ئەمەوێ بچم بۆ ئێران. بارزانی بە لێپرسراوی دارایی ئەڵێ: پارەی چەند پێویستە بیدەنێ، بەڵام کەگەڕایتەوە یەکسەر بچۆرەوە بۆ ئێزگە (٢٧). عوزێری لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٦دا، لەتاران چاوی بەمامۆستا (برایم ئەحمەد) ئەکەوێت، بۆ ماوەی چەند سەعاتێک پێکەوە قسە دەکەن. کە ئەگەڕێتەوە ڕاستەوخۆ ئەچێت بۆ ئێزگە، کەلە گۆڕی گاجوتانی پشتی گوندی (واڵاش)ی بەرامبەر شارۆچکەی گەڵاڵە دەبێت.
دوای چەند مانگێک کۆمەڵێ قسەی هەڵبەستراو دوور لە ڕاستی سەبارەت بەدیدارەکەی مامۆستا برایم ئەحمەدو عوزێری بەبارزانی ئەگەیەنرێت، لە سەر ئەوە عوزێری ئەگرنو ئەیبەن لەگەڵاڵە بەندی ئەکەن.
بەپێی نامەی ڕۆژی ١٩٦٦/٦/٢، کەلە بەندیخانەوە ناردویەتی بۆ خاتو پەروین، ئەڵێت: ((من لێرە لە(گەڵاڵە) بەند کراومو مەسیرمان مەعلوم نیە. بەتایبەتی ئەوەتەی مام مەجیدم لەهێز جیابۆتەوە.. وە سەرۆک منی کردۆتە بارمتە- وەکو بۆم دەرکەوتووە-)). ئەمەو چەندین شتی تر هیواو و ئاواتو خەونەکانی عوزێریان بەرەو کیشوەرێکی ون برد!!.
عوزێری ڕووبارێکی سەرهەڵگرتووی پڕاوپڕ لەئەفراندن بوو. بەداخەوە نەیانهێشت ئەو خەونو ئاواتە جەوانەی، کەبەرنامەڕێژی بۆ دارشتبوو تەواو بکات.. کەوتە نێوان دوو بەرداشتی دژ بەیەکداو بوو بەقۆچی قوربانی!!
عوزێری بەدەر لەشەهید عەبدوڵڵا (عومەر و خەسرەو)ی براشی شەهید بوون.
عومەریان لەساڵی ١٩٧٢و خەسرەویشیان لە ١٩٨٩/٩/٢٠دا بەکارەساتێکی دڵتەزێن شەهید بوو. هەردوکیشیان دەستی هۆنینەوەی هۆنراوەیان هەبوو. شەهید عومەر لەکۆپلەیەکی شیوەن ئامێزدا بۆ برا شەهیدەکانی ئەڵێت:

من لەعەشیرەتی میرانم
بۆیە وا دڵ بەگریانم
لەپێناوی ئەم شۆڕشەدا
شەهید بوون دوو پۆڕی
ناو دارستانم
بەناوەکانی:
کاک عەبدوڵڵاو
کاکە عوسمانم

## ژیانی پەروین خان دوای شەهید بوونی عوسمان عوزێری

ناوی تەواوی (پەروین عەزیز ڕەسووڵ بەگ)ـە، لەڕۆژی چوارشەممە ١٩٤٥/١٢/١٢ لەشاری سلێمانی هاتۆتە سەر شانۆی ژیان. دەرچووی ناوەندییە، لەساڵی ١٩٥٨دا، وابەستەی کاری هونەری شانۆ بووە، لەژنە پێشەنگەکانی سەر شانۆی کوردی بووە. دوای هاوسەرگیری لەتەک عوزێریدا تێکەڵاوی کاری سیاسی بووەو ئاوێزانی ژیانی شاخ ئەبێت.
ئەو کاتانەی عوزێری لەناو زیندانیەکانی ڕژێمی پاشایەتی عێراقو(پ.د.ک)دا بوو، پەروین خان وەکو هێزێکی پۆڵاین هەمیشە لەپشتی عوزێرییەوە بووە، ورەو سۆزی خۆشەویستی زیاتری پێبەخشیووە.
دوای شەهید بوونی عوزێریش بژێوی ژیانی منداڵەکانی ئەکەونە ئەستۆی ئەم ئەو کاتە (ڕاپەڕ)ی کوڕی دوو ساڵو نیوو (شیرین)ی کچی پێنج مانگو نیو بوون.
ژیانو گوزەرانی زۆر قورس ئەبێت. لەلایەکی تریشەوە دووچاری هەڕەشەلێکردن ئەبێت. ئەو کاتە لەماڵی دایکیا بوو لەگەڕەکی ئیسکان. شەوانە تەقەیان لە ماڵیان ئەکرد، نامەی هەڕەشەیان بۆ ئەناردن، کەلە شارا نەمێننو بڕۆن، ناچار دیوی دەرەوەی پەنجەرکانیان بەبلۆک هەڵچنی. هەر کەڵکی نابێت ئینجا هەڕەشەی کوشتنی ڕاپەڕ دەکەن.
(حەمدیە حسێن)ی دایکی لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٧دا، خانووەکە ئەفرۆشێت، بەخێزانی هەموویان ئەبات بۆ شاری بەغدا. ئەوکاتە (فەرەیدوون)ی کوڕی لەبەغدا گەڕاجی سلێمانی هەبوو. لەگەڕەکی (عیوازیە) خانویەکیان بەکرێ بۆ ئەگرێت.
ساڵی ١٩٧٣ خاتو پەروین ئەبێ بەفەرمانبەر لەفەرمانگەی کەمئەدامان، ڕاپەڕ پەیمانگەی تەندروستیو (شیرین)یش، ئامادەیی بازرگانی تەواو دەکات.

## دیسان سۆزی جگەر ئەیباتەوە بۆ شاخ

ڕاپەڕ لەتەمەنی (٢٠)ساڵیدا پەیوەندی بەڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات. دوای تەواوکردنی پەیمانگە، ساڵی ١٩٨٥ ئەبێت بەپێشمەرگە لەتیپی (٣١)ی سلێمانی، وەکو دکتۆری تیپ درێژە بەخەباتی پێشمەرگایەتی ئەدات دیسانەوە پەروین خان پێیەکی لەبەغداو پێیەکەی تری لەشاخ بەدوای ڕاپەڕەوە دەبێت.
ساڵی ١٩٨٨ بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە ژیانی پێشمەرگە قارەمانەکان ئەکەوێتە مەترسییەوە. لەو هێرشانەدا ڕاپەڕ بەکیمیایی بریندار دەبێت، وەڵام بۆ خەسرەوی مامی ئەنێرێت، ئەویش ئەچێت بەنهێنی ئەیهێنێت بۆ گوندی چەرمەگا.
دایکی یەت بۆلای. پاشان بەپێناسەی سەرۆکایەتی تەندروستی کەرکووک ئەچێتەوە بۆ بەغدا. ڕژێم دوای دو مانگ لێبوردنی گشتی دەردەکات. ئەمیش خۆی تەسلیم دەکاتو ئەیگەڕێننەوە بۆ نەخۆشخانەی سەربازی کەرکووک.
ڕەوشی تەندروستی بەرەو خراپی دەچێت. ساڵی ١٩٩٢ ئەچێت بۆ ڕوسیا لەوێ دەمێنێتەوە. دایکی و شیرینی خوشکی ساڵی ١٩٩٦ ئەچن بۆ ئەردەن. دوای چەند مانگێک ئینجا ئەگەنە ڕوسیا.
پەروین خان ئازار لە سنگیدا دروست ئەبێت، کەئەیبەن بۆ نەخۆشخانە پێیان ئەڵێن، توشی شێرپەنجە بووە. هەر ئەو ساڵە دایکیو شیرین بەقاچاخ ئەنێرێت بۆ ئەڵمانیا. دوای دوو نەشتەرگەری قورس لەڕۆژی سێشەممە ١٩٩٨/٥/٥ لەتەمەنی (٥٣)ساڵیدا کۆچی دوای دەکاتو لەئەڵمانیا سپاردەی حاکی دەکەن. لەدوای (٢٠)ساڵ ئەیهێننەوە بۆ کوردستان، لە گۆڕستانی گردی جەباری چەرمەگا بەخاکی ئەسپێرنەوە..

## سەرچاوەو پەراوێز:

١. ناوی تەواوی (عوسمان ئەحمەد ڕۆستەم) شامحەمەد چراخ جومێر وەیسی)ـە، نازناوی (عوزێری) بۆخۆی داناوە.
عوزێری لەبەرە بابەکانی: سمایل عوزێری، میراڵەیی، قەرەوەیسیو گۆمەیی پێکهاتووەو بەهەر چواریان ئەوترێ عوزێری، شاعیر سەربەتیرەی (میراڵەیی)ـە.
عوزێری هۆزێکی کۆچەری دەوارنشین بوون.. هاوینان لە کەلیخانو سەر شیوی سەقزو زستانانیش لەحەویجەو مەلحە ئەمانەوە.
سەرەتای ساڵی سییەکانی سەدەی پێشوو بەشێکی زۆریان واز لەژیانی کۆچەری ئەهێننو نیشتەجێ ئەبن. بنەماڵەی عوزێریش لەگوندی (سارداو)ی دۆڵەڕوتی سەر بەناحیەی سەرچنار نیشتەجێ ئەبن.
٢. بۆ شوێنی نیشتەجێبوون ئەیبات بۆ ماڵی (حاجی عارفی بەقاڵ)، کە هاوڕێو خزمی بووە، ماڵەکەیان بەرامبەر مزگەوتی گەورە بووە.
٣. کاک نەجمەدین حاجی حەمەتاڵی کوێخا ڕەشید ئەڵێت: ئەوەندەی ، کە من بیستوومەکاک حەمەعەلی لەکۆنەوە لەگەڵ (عەلی کەمال)دا، دۆستو ناسیاوی یەکتربوونو تێکەڵاویان هەبووە. تەنانەت کاک حەمە عەلی کەچووە بۆشاری بەغدا لەماڵی ئەودا ماوەتەوە.
سەبارەت بەگوندی چەرمەگایش وتی: ئەو کاتە گوندی چەرمەگا لەپشت گردی چەرمەگا کۆنەوە بووە، لەنزیک چەمی (قەرەبلاخ) لای دوو تووەکەی (عەلی و والی)، کە دوو برا بوونو سەربەهۆزی قەویلەیی بوون.
٤. لەتیف هەڵمەت، عوسمان عوزێری لەڕوانگەیەکی نوێوە، ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢٤١)لاپەڕە (٦)، دووشەممە ٢٠٠٠/٩/١٨.
٥. محەمەد مەلا کەریم، دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، لاپەڕە (٣٥)، چاپی پێنجەم، تهران ١٣٩٣.
٦. عوسمان عوزێری، گوڵزاری کوردستان، لاپەڕە (٩) چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی ١٩٥٨.
٧. عوسمان عوزێری، کڵپەی دەروون، دیوانی دووهەم، لاپەڕە (٢٤)، چاپخانەی نەجاح، بەغدا١٩٦٠.
٨. یانەی سەرکەوتنی کوردان، لەڕۆژی هەینی ١٩٣٠/٥/٣٠بەهەوڵو کۆششی چەندین کەسایەتی مەزنو دیاری کورد لەشاری بەغدا دامەزرا. دەستەی بەڕێوەبەریش بەپێی هەڵبژاردن لەم بەڕێزانە پێکهات: مەعروف جیاوک، ئەمین زەکی بەگ، مەحموود جەودەت بەگ، خەڵەف شەوقی ئەفەندی، عبدوڵڵا لوتفی، محەمەد عارف ئەفەندی، ئەحمەد ئاغای کەرکوکلی، محامی عارف ئەفەندی پشدەری، ئیبراهیم ئەفەندی حەیدەری.
(بڕوانە: غەفوور میرزا کەریم، یادگاری لاوانو دیاری لاوان، چاپی دووەم، لاپەڕە (٢٤)، چاپخانەی شارۆ، سلێمانی ٢٠٠٠).
٩. حەسەن تەنیا، شانۆو... شانۆی کوردەواری، لاپەڕە (٨٢)، بەغدا ١٩٨٤.
١٠. مێژووی ڕادیۆی کوردی بەغداد ١٩٣٩-١٩٥٨، بەرگی یێکەم، جزمی سێهەم، لاپەڕە (٣٥٥)، نووسینی (بابی لالۆ)کەمال ڕەئووف محەمەد، هەولێر ٢٠١٤.
١١. بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا، دیوانی شیعری شەهید عوسمان عوزێری، لاپەڕە (٢٠)، چاپخانەو ئۆفیسی شڤان، سلێمانی٢٠٠٠.
١٢. حاجی جەمال حاجی ئەحمەد، ساڵی ١٩٤٠-٢٠٢٠/١١/١١، ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٦/٦/٢٢ لەدوکانەکەی کاک(جەبار شاڵی) برایدا بۆی گێڕامەوە.
١٣. هەڤاڵ کوێستانی، ڕوو بەڕوو لەسێبەری چیادا، چاپی یەکەم، دیسەمبەری ١٩٨٥، کەلەشاخ چاپکراوە. یان چەپکێک هەڤپەیڤین، ئەزموونی شێرکۆ بێکەس، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: یاسین عومەر، لاپەڕە (٣٦)، سلێمانی ٢٠٠١.
١٤. وجیە ڕەزوان، لەپێناوی دادپەروەریا، وەرگێڕی: عوسمان عوزێری، لاپەڕە (٦)، چاپخانەی ژین، سلێمانی ١٩٥٩.
١٥. بۆ بەدواداچوونی ئەم شانۆییە، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٢١/٦/٣، پەیوەندیم بەمامۆستا (عومەر مارف بەرزنجی)یەوە کرد، وتی: ((کاتی خۆی ئەم دەستنووسەی یامێ بیخوێنمەوە، تا ڕۆژی ٦ی ئەیلوول بەشێکی هەرە زۆری دوکانەکانی ناو شاری سلێمانی داخرانو بوو بەمانگرتن. ئەو ڕۆژە داوای دەستنووسەکەی کردەوەو یامەوە. وتی بارودۆخەکە باش نیەو لەوەناچێت دابنیشین)).
١٦. ئەڵێن خوالێخۆشبێت کاک(ڕەفیق)ی وێنەگر بۆ یادی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٦٢، ئەم هۆنراوەیەی کردووە بەکارتی جەژنە پیرۆزەوبڵاوی کردۆتەوە.
١٧. شەرەفنامەی شرفخانی بدلیسی، هەژار، لاپەڕە (٩) چاپخانەی نعمان نەجەف ١٩٧٢.
١٨. دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو لاپەڕە (٧)، بەغدا ١٩٨٣.
١٩. عوسمان عوزێری، شۆڕشی دیار بەکر، ئا: بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا، لاپەڕە (٢٤)، چاپی دووەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی ٢٠٠٠.
٢٠. عوسمان عوزێری، مێژووی جوڵانەوەی مامۆستایان لەپۆڵەندە، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە، لاپەڕە (٥)، چاپخانەی ژین، سلێمانی ١٩٥٩.
٢١.ئەم نامیلکەیە لەسەر ئەرکی (جەمال شاڵی پارێزەر) چاپکراوە، هەردوکیشیان ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی مایەکەی بۆ (خوێندکارانی کورد) بێ لەئەوروپا.
٢٢. عومەر مەعروف بەرزنجی، چەپکێ ڕازو بەسەر کردنەوە، عوسمان عوزێری، شۆڕشی دیار بەکر، چاپی دووەم، ئا: بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا، لاپەڕە (١٥)، چاپخانەی داناز، سلێمانی ٢٠٠٠.
٢٣. ئیبراهیم جەلال، خواروی کوردستانو شۆڕی ئەیلول بنیاتنانو هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی سێیەم، لاپەڕە (٧٠)، سلێمانی ١٩٩٩.
٢٤.عەبدوڵڵا سەر پەلبوو لەهێزەکەی (مەجید ڕۆستەم)ی مامی، لەڕۆژی یەکشەممە ١٩٦٣/١/٢٠، لە ئەزمەڕە بچکۆل شەهید ئەبێت، ئەیبەن بۆ گوندی قازان بەخاکی ئەسپێرن.
٢٥. وریا جاف، مێژووی دەنگی کوردستانی عێراق، لاپەڕە (١٦)، هەولێر ٢٠٠٢.
٢٦. یادەوەرییەکانی عەزیز محێدین مەحمود چەرمەگایی، سەبارەت بەباڵی مەکتەبی سیاسیو شەهید عوسمان عوزێری٢٠٠٢ (دەستنووس).
٢٧. عوزێری بەپێی هۆنراوەی (شێری کوردستان)، کە بۆ پێشوازی گەڕانەوەی خوالێخۆشبوو بارزانی نووسیووە. هەروەها هەردوو دیوانە شیعری (گوڵزاری کوردستانو کڵپەی دەروون)یشی پێشکەش بەبارزانی کردووە.
هەتاکو ساڵی ١٩٦٣، کە لە سجن بەربووە، زۆر سەرسامبووە بەبارزانیو لەڕادەبەدەر خۆشی ویستووە.




newalname.com/ku/



# عوسمان عوزێری ڕۆشنبیر



د. کامەران محەممەد

## پێشزەمینەکان

دیارە زاراوەی ڕۆشنبیر وەک هەر زاراوەیەکی ناو کایە جیاوازەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناتوانرێت لە چوار چێوەی پێناسەیەکی دیاریکراودا کورت بکرێتەوە! هەربۆیە بەپێی جیاوازی کایە مەعریفییەکانو گرنگیپێدانەکانو ئاستەکانو ...تاد پێناسەی جۆراوجۆرو جیاوازی بۆ کراوە! ئەمە لەکاتێکدا ئەستەمە قسەی کۆتایی لە پرسێکی گرنگی وەک ڕۆشنبیر یان ڕۆشنبیریی بکرێت! لەم سەربەنەوە قسەکردن لەسەر ڕۆشنبیربوون یان نەبوونی هەر کەسایەتییەک ئەوە دەخوازێت، کە (چەمک) و (تایبەتمەندی) و (چێوە) و ...تاد ڕۆشنبیریی لەلایەکەوە و (هزر) و (کار) و (بەرپرسیارێتی) و (هەڵوێست) و ...تاد کەسایەتییەکە لەلایەکی ترەوە دیارییبکرێت!

لێرەدا پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە، کە ئایا (عوسمان عوزێری) تەنها (شاعیر) یان (ڕۆژنامەنووس) یان (وەرگێڕ) یان ..تاد بووە؟ یاخود (ڕۆشنبیر) بووە؟!

ئێمە لێرەدا نامانەوێت بچینە نێو توێژینەوەی پەیوەندی شاعیر یان هەر کایەیەکی تری ئاماژەبۆکراو لەگەڵ ڕۆشنبیردا! بەڵکو دێینو لەسەربەنی پێناسە و تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیرەوە لە (هزر و کار و کەسایەتی) (عوزێری) ڕادەمێنین و لەوێوە وەڵامەکە وەردەگرین!

دیارە مرۆڤ لە شەو و ڕۆژێکدا نابێتە ڕۆشنبیر! بەڵکو ڕۆشنبیربوون هەوڵ و کۆششکردنی مرۆڤ دەخوازێت، واتە هەوڵدانێکی زۆر بۆ شارەزابوونو پەیبردن بە جیهانو ژیانو مرۆڤ.

(عوزێری) حەزێکی لە ئەندازەبەدەری بۆ زانین هەبوو! ئەو بەردەوام بەدوای شاکارە جیهانی و بەرهەمە نوێیە ناوازەکاندا وێڵ بوو! تەنانەت شەیدای ئەدەبی جیهانی بوو، هەر لەو پێناوەشدا هەستا بە وەرگێڕانی ڕۆمانی (ماجدۆلین Sous les tilleus) وەک چیرۆکێکی زیندووی ژیان و لێوان لێو لە ئەوین. هاوکات ئەو بەردەوام دۆستی کتێب و خوێندنەوە بوو، واتە ڕۆژانە کاتی دیاریکراوی بۆ خوێندنەوە تەرخانکردبوو. دیارە خوێندنەوەش بە مەرجێکی بنەڕەتی بەدەستهێنانی زانین دادەنرێت. بۆیە ئەو ڕۆشنبیرییەکی گشتی بەدەستهێنابوو.

گەرچی ئەو لە سلیمانی لەدایک ببوو، بەڵام هەر زوو خۆی گەیاندە بەغدای پایتەخت! پایتەختیش واتە زیندوێتیو چەقی گۆڕانکاری، ئەمە لەکاتێکدا بەغدا خەلفییەتێکی ژیارییو شارستانێتیو گەنجینەیەکی گەورەی ئەدەبو ڕۆشنبیری بوو، بەتایبەت لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا، کە ئەو تێیدا ئامادەییەکی چالاکانەی هەبوو! ئەمە لەکاتێکدا بوونی وردە کەلتوور لەو پایتەختەدا. ئەویش بەهۆی بوونی دوو مەزهەبی ئاینیی سوننییو شیعەو چەندەها گروپی ئاینییو نەژادیی جۆراوجۆر. هاوکات هێشتا شوێنەوارەکانی دەوڵەتی عوسمانی تێدا مابوو، ئەمە لەکاتێکدا حکومەتی پاشایەتیی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە سیاسەتەکانی ڕەنگرێژ کرابوون! هاوکات ئەو سەردانی قاهیرەی کردبوو، واتە لە پرشنگدارترین سەردەمی ناسیونالیزمی عەرەبی (ناسری)و پێشکەوتووترین ماوەی هونەر و سینەمای میسرییداو تێیدا بە مەشخەڵە مێژوویی ژیارییەکانی ئەو وڵاتە ئاشنابوو و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتە بە ڕاشکاوی لەسەر کێشەکانی مرۆڤی کورد لە کوردستانو دەوڵەتی عێراق دوواببوو، ئەمە لەکاتێکدا چەندین جار سەردانی وڵاتی ئێرانو شارەکانی ئەوێی کردبوو، کە لەو کاتەدا ئێران وەک پێشانگایەکی ژیاریی ڕۆژئاوایی خۆی نمایش دەکرد!

دیارە گەشتکردنیش ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکانی مرۆڤدا دەبینێتو بەسەر کەلتوور و ژیارە جیاوازەکاندا دەیکاتەوە. لەم سەربەنەوە عوزێری ڕاستە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستدا ژیا و لە بنەماڵەیەکی عەشایەریی لەدایک بوو! بەڵام بەشێوەیەکی (مەبدەئی) باوەڕی بە کرانەوەو تێپەڕاندنی ئەو هێڵانە هەبوو، کە سیستمی خێڵایەتی لە کۆمەڵگەی کورددا کێشابووی! هەر لەم ڕوانگەیەوە نامۆ نیە کە خۆی و هاوسەرەکەی وەک ئەکتەر لەو شانۆیانەدا بەشدارییکەن، کە لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا لە شاری سلێمانیو بەغدای پایتەخت نمایش دەکران (شانۆی کاوەی ئاسنگەر و ..تاد وەک نموونە).

ئەگەر ئاگاداربوون و گرنگیدان بە ڕوداو و گۆڕانکارییەکانی جیهان و سەردەم بۆ شارەزابوونو ڕۆشنبیربوون گرنگ بێت، ئەوا عوزێری ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆی لێیان دانەبڕیبوو! هاوکات لە ڕادیۆکەیەوە ئاگاداری هەواڵەکان دەبوو و دواتر خۆشی بووە ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامە لە دەنگی کوردی ڕادیۆی بەغدا و پاشانیش ئێزگەی شۆڕش. هەمیشەش لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا دەژیا و ئاگاداری هەواڵ و گۆڕانکارییە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکان بوو! دیارە کاروانی ڕۆشنبیری (ئەو) بە پەیامنێری ڕۆژنامەی ژین و ڕۆژنامەنووسی دەستپێکردبوو. تەنانەت ئاگای لە خەباتی گەلانی ژێردەستو پەرەسەندنەکانی ئەو خەباتە هەبوو! بۆیە نامۆنییە لە ساڵی (١٩٦١) دا هۆنراوەیەک وەک هاوخەمیو پرسەنامە بۆ گەلی کۆنگۆ بنووسێت! ئەویش بەهۆی کوشتنی پێشەواکەیان (پاتریس لۆمۆمبا ١٩٢٥-١٩٦١) بەدەستی ئیمپریالیزم (١).

دواتر ئەگەر فراوانکردنی بازنەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو دوورکەوتنەوە لە گۆشەگیریی و داخراویی بەسەر (خود) دا ڕۆڵی لە بەهێزکردنی لایەنی ڕۆشنبیری لە کەسێتی مرۆڤدا هەبێت و یارمەتی فێربوونی هونەری قسەکردنو باشی گوێگرتن بدات! ئەوا عوزێری پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ تەواوی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵی کوردەواریو عێراقی ئەوکاتەدا هەبوو! ئەو لە لادێدا وەک لادێییەک و لە شاریشدا وەک کەسێکی خاوەن کەلتووری شارییو لەگەڵ شاعیر و پێنووس بەدەستەکاندا شاعیر بوو و لە ناوەندە سیاسییەکانیشدا کەسێتییەکی سیاسی لێهاتوو و شارەزابوو! واتە زۆر بەباشی توانیبووی بچێتە نێو چینو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە. بۆیە زۆر بە دروستی دەیتوانی لەگەڵ جیاوازییەکاندا مامەڵە بکات و ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی لە بەهێزکردنی کەسێتی ئەودا گێڕابوو.

## پێکهاتن

ئەگەر لەسەربەنی ئەو پێشزەمینانەوە لە (بیر و بەرهەم) و ( هەڵوێست و کارەکان)ی عوزێری ڕابمێنین، ئەوا هەمان پرسیاری پێشوو ڕووبەڕوومان دەبێتەوە کە ئایا عوزێری ڕۆشنبیر بوو یان تەنها شاعیرێک یاخود نووسەرێکی ئاسایی؟!

لێرەدا مەبەست لە ڕۆشنبیر ئەو کەسەنییە، کە برێکی زۆر (ڕۆشنبیری گشتی) یان زانیاری هاوبەشی هەیە، بێگومان مەبەستیش (پسپۆڕیی) یەکێک لە لقەکانی مەعریفە یان بەرهەمهێنی یەکێک لە کایەکانی ڕۆشنبیریی نییە. واتە مەبەست زانا، یان نووسەر، یان ئەدیب، یاخود هونەرمەند نییە. بە پێویستیش ئەو بیریارە نییە کە چەند بیرۆکەیەک دروست دەکات یان ژینگەیەکی فیکری دەخولقێنێت، ئەگەرچی ڕۆشنبیر دەسەڵاتی فیکر و ڕەخنە بەکاردەهێنێت.

لەکۆتاییشدا مەبەست لێی (بانگەشەکار) یان (خاوەن ئایدیۆلۆجیا)، واتە تیۆریستی بڕوامەند، ڕێبەری ڕۆحی، سەرکردەی شۆڕشگێڕ، یان سەرۆکی حیزب نییە، ئەگەرچی ئەرکی ڕۆشنبیر تاڕادەیەک لەگەڵ ئەرکی بانگەشەکاردا لێک دەچێت.

دەشێت ڕۆشنبیر زۆر یان کەم، بەتوندی یان لاوازی، پەیوەندی بەیەکیک لەو ڕوو یان بوارانەوە هەبێت، بەڵام بە پلەی یەکەم مەبەست لە ڕۆشنبیر (لەم بابەتەدا) ئەوەیە کە بە فیکر و گفتوگۆکان، یان نووسین و هەڵوێستەکانی سەرقاڵی پرسی ماف و ئازادییەکانە، یان بایەخ بە سیاسەتی حەقیقەت دەدات، یاخود دەروەستە بە داکۆکیکردن لە بەها ڕۆشنبیرییە کۆمەڵگەیی یان گەردوونییەکان (٢) . واتە وەک (جیرار لیکلرک) دەڵێت:" ڕۆشنبیر مرۆڤێکی گەردوونییە" (٣) .

دەشێت ڕۆشنبیر تەوباوی یان ئۆرگانیکی، شۆڕشگێر یان ڕیفۆرمخواز، ناسیونالیست یان ئینتەرناسیونالیست، تایبەتکار یان هەمەلایەنکار، خۆتەرخانکردو یان خۆتەرخان نەکردو بێت.

هەروەها دەکرێت شاعیر، نووسەر، فەیلەسوف، زانا، زمانەوان، ئەندازیار بێت، یان خاوەن کاریک، پیشەیەک یان پیشەسازییەک بێت. نموونەی ڕۆشنبیر و کایە تایبەتکارییەکەی یان بوارەکەی هەرچییەک بێت، ئەو بایەخ بە ئاراستەکردنی ڕای گشتی دەدات، یان دەچێتە ناو مشتومڕی گشتییەوە بۆ داکۆکیکردن لە وتنی ڕاستی، ئازادی مەدەنی، بەرژەوەندی نەتەوە، یان داهاتووی مرۆڤایەتی، چونکە ئەوە خەسڵەت و ئەرکی ئەوە، بەڵکو ئەوە ڕەوایەتی و بەرپرسیارێتییەکەیەتی (٤).

ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە عوزێری ڕابمێنین، ئەوا بێ دوودڵی دەتوانین بڵێین (بیر و بەرهەم و کار و هەڵوێستەکان)ی لە خزمەت پرۆسەی ڕۆشنبیرییدا بوون. ئەو بە بیر و نووسین و هەڵوێستەکانی سەرقاڵی پرسی ماف و ئازادییەکان بوو! ئەو ژیانی کەسیی خۆیی و تەنانەت خێزانەکەشی خستبووە خزمەت پرسی هۆشیارکردنەوەی تاک و کۆمەڵی کوردەوارییەوە. ئەو لەلایەکەوە بۆ ئازادیی دەنووسی و لەلایەکی تریشەوە بە کرداریی لەسەر سەکۆی شانۆ مرۆڤەکانی بە دادپەروەری ئاشنادەکرد و لە ترسناکی ستەم و بێئاگایی ڕای دەچڵەکاندن! ئەو لەلایەکەوە هەڵەکانی دەستنیشان دەکرد و لە لاکەی تریشەوە هەوڵی ئاراستەکردنی ڕای گشتی بۆ حەقیقەت و پێشکەوتن دەدا.

(برایەتی و ئازادی و دادپەروەری) گرنگترین ئەو جەمسەرە گرنگانە بوون کە تەواوی نووسینەکان (هۆنراوە، چیرۆک، شانۆنامە، وەرگێڕانەکان)ی عوزێری بەدەوریدا دەخولانەوە.

ئەو ڕۆژێک لە سلیمانی و ڕۆژێک لە بەغدا و ڕۆژێک لە شاخ و ڕۆژێک لەسەر سەکۆی شانۆ و ڕۆژێک لەبەردەم مایکرۆفۆنی ئێزگەی بەغدا و ڕۆژێک لەناو شۆڕش و...تاد ژیانی دەگوزەراند. لە نامەکانیدا بەزەقی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو خەم و بەرپرسیارێتییەکی گەورەی نەتەوەییو مێژوویی لە ئەستۆدایە و دەبێت کۆمەڵگەی کوردیش وەک تەواوی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی جیهان لە کاروانی ژیار و پێشکەوتن دوانەکەوێت. بۆیە کاتێک هاوسەرەکەی گلەیی ئەوەی لێدەکات، کە ئەوانی فەرامۆشکردووە و تەواوی ژیانی بۆ کۆمەڵگەکەی تەرخانکردووە، ئەو دڵنەوایی دەکات و پێی دەڵێت:" ئایا تا لەو ناوە بووم و مەجال هەبوو، بەلای کەمەوە مانگی جارێک نەمئەنارد بەشوێنتاندا؟! (٥)"

هەر ئەوەبوو لە کۆتاییدا نەک دووری خێزانەکەی، بەڵکو گیانی خۆشی کردە قوربانی ئەو باوەڕ و هزرانەی کە ئەو پێیوابوو دەتوانێت کۆمەڵی کوردەواری بۆ ئاستێکی باڵاو پێشکەوتوو تێپەڕێنێت و تاکی کوردی بەرانبەر بە خودی خۆی و کۆمەڵگە و مێژووەکەی و سەردەم هۆشیار بکاتەوە.

## تایبەتمەندییەکان

ئەگەرچی ڕۆشنبیریی وابەستەی کۆمەڵێک خەسڵەت و پرنسیپی دیاریکراو نییە، بەڵام ڕۆشنبیر بوون خۆی لەخۆیدا دەخوازێت، ئەو مرۆڤانەی خۆیان وەک کاراکتەر و بانگەشەکاری ئەم چەمکە دەناسێنن، هەڵگری چەندین خەسڵەت و تایبەتمەندی و جیاوک بن، تا ئەو چەمکە لەچێوەی تیۆری و وشەی دارشتە و فۆرمەلەبوو، بۆ پراکتیک و چەمکێکی زیندو و بەرجەستە کە توانای شوناس بەخشینی بە خاوەنەکانی هەبێت، بگوازرێتەوە (٦).

ئەگەر (خودئاگایی) یەکیک بێت لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیر ئەوا ڕۆشنبیر لە ڕێگەی خودئاگاییەوە دەتوانێت هۆشیاری بەرهەمبهێنێت، هۆشیارییەک کە مەڵۆیەک لە کەڵەکەبوونی مێژوویی فیکر و مەعریفە و کارلێکی نێوانیان، وێنەیەک سەبارەت بە خود و جیهان و هەڵوێست لە بەرانبەر هەریەکێکیان پێکبهێنێت (٧).

لەم سەربەنەوە دەوڵەمەندی و (پڕ)بوونی ( لە ڕووی مەعریفیی) و کارایی و چالاکییە بەردەوامەکانی و هەڵوێستە بوێر و ڕاشکاوەکانی عوزێری گومان لە خودئاگایی ئەودا ناهێڵنەوە! چونکە هۆشیاری ئەو دۆخێکی پێشکەوتووی تێگەیشتن و درککردن بوو بۆ کێشە و پرسەکان، بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی قوڵ و تێڕامانێکی ڕاستەقینە بۆ گرفتەکان و ڕەوتی مێژوو و دۆخی کۆمەڵگەکە، ئەمەش بە ئامانجی دەرچوون لەو کێشە و قەیرانانەی کە ڕۆشنبیر و کۆمەڵگە بەدەستییەوە دەتلێتەوە.

دیارە (کرداریبوون و واقیعیبوون) یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیر، (سارتەر) دەڵێت:" تۆ بنووسیت، واتە وابەستەبوون و پابەندی بە ئێستا و لە پێناو ئێستادا (٨)" بۆیە نووسین کردارە و بەڵێندان نییە، بەبەرهەمێکی ئەدەبی یاخود هەر تێکستێکی دیکە. کە دەگوترێت (نووسین کردارە)، مانای ئەوە نییە نووسین و کردار لای ڕۆشنبیر هاو مانا و یەک شتن، بەڵکو ئەو مانایەی (سارتەر) بۆ ڕۆشنبیر دایدەڕێژێت کە:" ڕۆشنبیر لە پلەی یەکەمدا، بریکاری مەعریفەی کردارییە، دەگمەنە کاتێک کەسێک دەبێتە ڕۆشنبیر توانای دەستبەرداربوونی ئەم لایەنەی هەبیت (٩)" .

گەر لەم سەربەنەوە لە نووسینەکانی عوزێری ڕابمێنین، ئەوا بە پلەیەکی باڵا (کرداریبوون و واقیعیبوون) ی لێ دەتکێ. کاتێک ئەو نووسینانە دەخوێنیتەوە، هەست ناکەیت وشەکان بێگیان و بێ چرپەن! بەڵکو لە قوڵایی هەر ڕستەیەکییدا ڕۆحێکی زیندو دەبینیت، کە بە ورەیەکی بەرز و هەستێکی نەتەوەیی مرۆڤدۆستانەی بەهێز و بیرۆکە گەلێکی جوانەوە ژیانت پیشان دەدەن. ئەوان (نووسینەکان) مرۆڤ و کۆمەڵگە دەخەنەڕوو، وشەکان دیمەنەکانی ژیانی ڕاستەقینە نمایش دەکەن. تەنانەت ئەو بەرهەمە بیانیانەی بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژارد کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕەوتی ژیان جێدەهێشت! واتە بەپێی خواستی واقیع و کۆمەڵی کوردەواری کتێبەکانی وەردەگێڕا. باشترین نموونەش شانۆنامەی (لەبارەی دادپەروەرییەوە) کە هەر خۆی وەک ئەکتەر ڕۆڵی لە نمایشکردنیدا گێڕا، کتێبی (میر) ی (ماکیاڤیلی) کە وەریگێڕا، بۆ ئەوەبوو عەقڵی سیاسی کوردی ئەو کاتە هۆشیاربکاتەوە و پێیان بڵێت: دەوڵەتان بەوشێوەیە سیاسەت دەکەن! دەئێوەش لە ڕوانگەی (میر)ەوە تێبگەن و با سیاسەت ژیانتان بۆ بونیادبنێت.

بۆیە ئەو دەیویست لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە کۆمەڵ بۆ داهاتوو ئاڕاستە بکات، نەک چاوەڕێی داهاتوو بێت کە بەرەو ڕووی بێت. واتە هەوڵی دەدا ئاستی کۆمەڵگە و مرۆڤەکان بگەیەنێتە خواستو ویستی سەردەمییانە.

ئەگەر (گشتگیرێتی) تایبەتمەندییەکی تری ڕۆشنبیر بێت، ئەوا وەک (ئیدوارد سەعید) دەڵێت:" کەسێک نییە بە ڕۆشنبیری تایبەت ناسرابێت، چونکە لەو چرکەساتەی وشەکانت دەنووسیت و پاشان بڵاویان دەکەیتەوە، تێکەڵ بە جیهانی گشتی دەبیت" (١٠).

جا ئەگەر لەم ڕوانگەوە لە عوزێری وردبینەوە، ئەوا ئەو لەسەر چەندەها ئاستی جیاواز دەینووسی و تێکەڵ بە توێژە جیاوازەکان دەبوو، ئەو بە ڕۆژنامەنووسیی دەستپێکرد و تا کۆتایی ژیانیشی وتارەکانی لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاودەکردەوە. لە ڕوانگەی کتێبی (شۆڕشی دیاربەکر) و وتارە مێژووییەکانی تری تێکەڵ بە توێژی مێژوونووسان بوو! هاوکات شاعیرێکی ناسراوی سەردەمی خۆیی و وەرگێڕ و هونەرمەندێکی ناسراو و ...تاد بوو. واتە ئەو لە فەزای گشتیدا و بۆ گشت کاری دەکرد، بەشێوەیەک کە هەموو هەناسەکانی بۆ زیندوێتی بە سیبەکانی میللەتەکەی دەبەخشی.

هەروەها (گوتار) بە یەکێک لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ڕۆشنبیر دادەنرێت، چونکە (گوتار) کرۆکی جیاوازی لە ئەوانی دیکە بە ڕۆشنبیر دەبەخشێت، مەبەست لە گوتار بە واتا باوە زمانەوانییەکەی نییە، بەڵکو بەکارهێنانی ئەم چەمکە (گوتار) لە واتا بنەڕەتییەکەیدا (هەموو بێژە و دەربڕینێکە کە سنوورەکانی تەنها ڕستەیەک، نووسراو یاخود وتراو دەبەزێنێت) و مانای دیکە و فراوان لەخۆدەگرێت (١١) . بەواتایەکی تر گوتار تەنها یەکەیەکی زمانەوانی ئەبستراکت نییە، بەڵکو یەکەیەکە لە یەکەکانی کرداری مرۆییو کارلێک و پەیوەندی و مەعریفە، هەروەها بوونێکی نەگۆڕ و بەستووی پەیڤ و ئاماژەکان نییە. بەڵکو مەیدانێکی چالاکە لە سەرقاڵی و بایەخپێدان و ڕاڕایی و ململانێ و (دژکاری) کە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و دامەزراوە و بونیادی هێزەکان و ڕۆڵە پەنهانەکانیان دەخاتەڕوو (١٢).

بەمشێوەیە عوزێری خاوەن گوتارێکی دیاریکراوی خۆی بوو! گوتارێک کە لەبازنەی نەتەوایەتیبوون دەستپێدەکرد و بە بازنەکانی مرۆڤایەتیی و گەردوونیبوون کۆتایی پێدەهات، دیارە لێوان لێو بوونی نووسینەکانی لە چەمکەکانی (ئازادی، ماف، دادپەروەری، نیشتمان، نەتەوە، مرۆڤایەتی، جیهانی، ...تاد) گەواهیدانی ئەو ڕاستییەن. بۆیە تەواوی بەرهەمەکانی جەختی لە گوتارێکی دیاریکراو دەکردەوە، کە لە گوتاری هاوسەردەمەکانی جیای کردبووەوە و لەو سەردەمەشدا وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە کوردستاندا ناسرابوو.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکان بوونی (ڕەخنە) یە، ڕەخنە ئەو میکانیزمەیە، کە ڕۆشنبیر بەهۆیەوە مومارەسە و بەردەوامی بە ڕۆڵە مەعریفی و کردارییەکەی دەدات، ڕەخنە زیندوویی بە کۆی ژیان دەبەخشێت، دۆخی کۆمەڵایەتی دەجوڵێنێت و بەگشتی بەرەو پێشی دەبات و زەمینەسازی بۆ پەرەپێدانی ڕۆشنبیری کەلتووری کۆمەڵگە دەکات (١٣) .

ڕەخنەگرتن هەمیشە زیندوێتی خۆی هەیە و پێشکەوتنی مەعریفی پێوە بەندە. گرنگی ڕەخنەش لە دووخاڵی بنەڕەتیدا دەردەکەوێت:

١.ڕەخنەگرتن ڕۆڵێکی گرنگ لە خەملاندنی هۆشیاریمان سەبارەت بە خودی خۆمان دەبینێت. ئەویش لە ڕوانگەی دیاریکردنی ڕەهەندەکانی ئەو هۆشیارییە و دەسکەوتەکانییەوەیە، کە هەوڵدەدات لێوەی خودێکی (بەردەوام)ی ناوکۆ و پێوەرە ڕابردووییەکان نەبێت، واتە ئێستامان نوقمی ڕابردوو نەبێت.

٢.ڕەخنەگرتن بۆ دەربازبوون لە دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو کۆمەکیمان دەکات. بوونی ڕەخنە بەڵگەیە لەسەر پەیبردن بەهەڵەکان و دەستنیشانکردن و ڕەتکردنەوە، لەکاتێکدا بەشێوەیەکی میتۆدیی و ژیربێژیی و ئەزموونیی مامەڵە لەگەڵ کەلتووردا دەکەین، تەواو هەڵەکانی ڕابردوومان بۆ دیاریدەکات و لە دووبارەکردنەوەیان دەمانپارێزێت (١٤).

گەر لەم سەربەنەوە لە ژیان و بەرهەمەکانی عوزێری ڕابمێنین، ئەوا ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت گەر بڵێین بەشی زۆری نووسینەکانی بریتیبوون لە ڕەخنەگرتن. دیارە ڕەخنەکانی عوزێریش لەسەر یەک ئاست نەبوون، بەڵکو ئەو لەوە تێگەیشتبوو کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و بونیادە خێڵەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئاستەنگن لەبەردەم بیرکردنەوەیەکی کراوەی سەردەمییانە! بۆیە بە ڕاشکاوی لە کتێبی (شۆڕشی دیاربەکر)دا پەنجە لەسەر برینەکان دادەنێت و ڕەخنە لە هەڵە و لاوازییەکان دەگرێت. هاوکات لە زۆرینەی هۆنراوەکانیدا ڕەخنە لە پەرتەوازەیی کورد و کێشەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەگرێت.

ئەگەر ڕۆشنبیر هەڵگری مەشخەڵی گۆڕانکاری و دژایەتیکردنی عەقڵیەت و سیستمی وەستا و باو بکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە (بوێری) دەبێتە تایبەتمەندییەکی بنەڕەتی ڕۆشنبیر. (بێندا) دەڵێت:" ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە ئەوانەن کە خۆیان ڕووبەڕووی مەترسی سوتاندن و لە خاچدان و ئازاردان دەکەنەوە (١٥)" .

ڕەنگە لەناو تەواوی تایبەتمەندییەکاندا (بوێری) بۆ عوزێری پلەی یەکەمی بەر بکەوێت، هەر لەبەر ئەو بوێری و ڕاشکاوییەی بوو، کە چەندەهاجار لەلایەن حکومەتی عێراق و تەنانەت سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولەوە زیندانی کرا! ئەو لە پەنجاکانی سەدەی بیستدا لەناو کۆمەڵگەی دواکەوتوو و تەقلیدیی ئەوکاتەدا هاوسەرەکەی بردە سەر تەختەی شانۆ و بەردەوام لە چالاکییە ڕۆشنبیری و هونەرییەکاندا بەشداریی دەکرد. دیارە ئەمە بۆ کەسێک کە سەر بە بنەماڵەو کۆمەڵگەیەکی عەشایری ئەوکاتە کارێکی هەروا ئاسان و قبوڵکراو نەبوو!

هەروەها ڕەنگە گەشتەکەی بۆ قاهیرە وەک وەرگێڕ لەگەڵ ئەو (وەفد)ەدا کە حکومەتی عێراق بۆ میسری ناردبوون، دیارترین نموونە بێت! ئەو زۆر بوێرانە بە وەزیری دەرەوەی میسر دەڵێت کە ئەم وەفدە نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستان ناکەن! بەڵکو ڕاستی نوێنەرایەتی حکومەتی عێراق دەکەن! ئەمەش وەفدەک زۆر تورە دەکات، بەڵام ئەو لەو توڕەبوونە بێباک بوو! هاوکات وەک شاهێدحاڵەکانیش باسیان لێوەکردووە، لەکاتی گرتنیدا زۆربە بوێرانە بەگژ جەلادەکەیدا دەچێتەوە.

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین عوزێری هەر شاعیر یان ڕۆژنامەنووس یان سیاسەتمەدار یان وەرگێڕ یان هونەرمەند نەبوو! بەڵکو ئەو ڕۆشنبیر بوو!

سەرچاوە:
١. عوسمان عوزێری: دیوانی شیعری شەهید عوسمان عوزێری، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا، چاپی دووەم، ٢٠٠٩، ل ٢٦١.
٢. عەلی حەرب: وەهمەکانی دەستەبژێر یان ڕەخنەگرتن لە ڕوناکبیر، (وەرگێڕان: هەڵکەوت عەبدوڵڵا)، وەزارەتی ڕۆشنبیری (بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان)، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، ل ٤٥.
٣. جیـرار لیکلـرک: سوسـیولجیا المثقفیـن، (ترجمـه: جـورج کتـوره)، دار الکتـاب الجدیـد المتحـده، الطبعـه الاولی، بیـروت، ٢٠٠٨، ص ٧.
٤.عەلی حەرب: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.
٥. نامەکەی بۆ دایکی ڕاپەڕ لە بەندیخانەی گەلاڵە لە (٢-٦-١٩٦٦) دا.
٦. هیوا عەزیز: ڕۆشنبیر و گوتاری فیکری توێژینەوەیەکە لە مێژووی فیکری هاوچەرخی باشووری کوردستان (گۆڤاری ڕەهەند وەک نموونە)، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٦٣.
٧. هیوا عەزیز: سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.
٨. هەمان سەرچاوە، ل ٦٦.
٩. هەمان سەرچاوە، ل ٦٦.
١٠. هەمان سەرچاوە، ل ٧١.
١١. هەمان سەرچاوە، ل ٧٥.
١٢. هەمان سەرچاوە، ل ٧٦.
١٣. هەمان سەرچاوە، ل ٧٦.
١٤. کامەران محەممەد: ڕەنگدانەوەی کەلتوور، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ١١٠.
١٥. هیوا عەزیز: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.

# عوسمان عوزێری لە مەیدانی نەبەردیدا



ڕەسول بۆسکێنی

شاعیرانی کورد لەسەردەمی تازەدا، وەکو ڕۆڵەی نەتەوەیەکی ژێردەستە و چەوساوە، لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەب و بزوتنەوەی نەتەوایەتی و خەباتی نیشتیمانییان بەشیعری حەماسی و خەباتگێڕی ڕازاندۆتەوە، سەدان تابلۆی درەوشاوەیان بەهەڵبەستە جوانەکانیان نەخشاندووە و تێکۆشەرانیان هانداوە، کە گیانی خۆیان فیدای شکۆی بەرزی گەل و نیشتمانەکەیان بکەن، لەپێناوی ڕزگاری نیشتمان و نەتەوەکەیاندا تەنگ بەدوژمنان هەڵچنن، زۆرجار خۆشیان لەو پێناوەدا سەریان داناوە و گیانی پیرۆزی خۆیان بەخشیوە، یەکێک لەو شاعیرە هەست ناسک و بەرز و تێکۆشەرانە سەرقافڵەی شەهیدان و ڕێبوارانی بەئاگای ڕێگای پیرۆزی خەباتی نیشتمان شاعیر و نووسەر و خەباتکار عوسمان عوزێری شاگوڵی گەشاوە و بە ڕەونەقی ئەو لاپەڕە پرشنگدارەیە، ڕۆڵەیەکی خەباتگێڕ و نەبەردی ڕۆژانی سەختی تەنگانە و گۆشکراوی باوەڕی کوردایەتی بوو، کە جۆش و خرۆش و سەودای نیشتمان و تەوژمی خوێنی کوردایەتیەکی ڕاستەقینە لەناو جەستە و دەمارەکانی دا قوڵپی دەدا و بە ویست و تامەزرۆییەکی زۆر وەک قوتابیەکی زرنگی قوتابخانەی شیعری تازە هاتبووە مەیدان.

عوسمان عوزێری وەک خوێندەوار و نووسەرێکی تازەپێگەیشتوو بۆ هەمیشە وەک ئەستیرەیەکی گەشی ئاسمانی کوردەواری ناوی دەدرەوشێتەوە، کە بە شیعرە حەماسی و بەرزەکانی لەو قۆناغە تایبەتیەی نەتەوەی کورددا، هەمیشە خەڵک و لاوەکانی هاندەدا لەپێناوی گەل و نیشتمانەکەیاندا ڕووبەڕووی دوژمنان ببنەوە، لەو شێعرە بەرزانەی کەلەسەردەمی لاوێتیدا کاریگەری لەسەر هەستی من دانابوو، منیش کاک محەمەد مستەفای پوورزام کەلە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە پۆلی ٣ی سەرەتایی بوو، چەندین شیعری شاعیرانی خەباتگێڕم پێ لەبەرکردبوو، یەکێک لەو شیعرانە هی عوسمان عوزێری نەمر بوو، ڕۆژانە لەکاتی ڕیزکردنی خوێندکارەکان لە گۆڕەپانی قوتابخانە دەیخوێندەوە، بەمەش مامۆستا و خوێندکار و ئامادەبووانی جۆش دەدا، کاک محەمەد خوێندکارێکی ڕۆح سوک و خۆشەویست بوو، بەهۆی خوێندنەوەی ئەم شیعرە و چەندانی تر کەپێم لەبەر کردبوو، لای مامۆستا و خوێندکارەکان هێندەی تر خۆشەویستر ببوو، لەم یادە پیرۆزەدا سڵاو لە ڕۆحی بەرزی عوسمان عوزێری و هەموو تێکۆشەرانی کورد، عوزێری نەمر لە شیعرەکەدا دەڵێت:

پێست و گۆشت و ئێسقانەکەم
خوێن و دەماری گیانەکەم
هۆش و بیر و گشت ئامانجم
لەگەڵ ماوەی ژیانەکەم
یەک ئاواتیان تیا نێژراوە
ئەویش پەرستنی کوردە بەبنچینەم سپێراوە



محەمەد مستەفا



# بۆ یادی شەهید عوسمان عوزێری



**بەرزان حاجی ئیبراهیم چەرمەگا**

شەهید عوسمان عوزێری، ئەو درەختە کەڵەگەتەی کوردی نوسین تەوەرەکانی دژی جوانییەکانی نیشتمان لە گۆلاوی خوێناوی خۆیو قەڵەمە کەیدا شەهیدیان کرد. عوزێری یەکێکەلە درەختە باڵابەرز و زەرافەکانی نیشتمانی ئەدەبی کوردی و یەکێکبوو لە قەڵەمە بە برشتەکانی کێڵگەی پڕ بەهرەو بەرهەمی شیعرو مێژوو چیرۆکو لێکۆڵینەوەی سیاسییو ئەدەبی کوردی، یەکێکبوو لەو قەڵەمە بە بەهایانەی لەو سەردەمەدا کە هەوڵی ئەدا بۆ ئەوەی تەکانێک بدات بە بواری رۆشنگەری کوردی.

لەو کاتەوە دەرگای گەڕان بەدوای فێربوونو وشیاری کردۆتەوەو بێ سڵەمینەوە بوونی خۆی لە بواری نووسینو رووناکبیری ئەو سەردەمەدا سەلماندووە.

ئەوکاتەی لەشاری بەغداد بوو ئاشنایی ئەدەبی عەرەبیش بووەو سەرچاوە عەربییەکانی تاوتوێکردووە، زۆر جاریش ئەو بابەتانەی کە بۆ خوێنەری کورد بە گرنگی زانیون وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی هەر لەو سەردەمەدا توانیویەتی متمانەی هاوڕێیانی بە دەست بهێنێتو لە ساڵی١٩٦٠لە ئێزگەی بەغدا بەرنامەی خەباتی کوردستان ئامادەو پێشکەش بکات. عوزەیری لەو سەردەمەدا وەک نەیارێکی ڕژێمی پاشایەتی دەناسراو بە عیشقو تاسەوە خەباتی بۆ بەدیهێنانی دیموکراسیو دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکرد لە ساڵی (١٩٥٦) بە دواوە بە قەڵەمە بەبرشتەکەی چەندین بابەتی شیعرو چیرۆکو لێکوڵینەوەی لە ژین، هیوا، شەفەق، پێشکەوتن، هەتاو، خەباتو زۆربەی ئەو رۆژنامەو گوڤارانەی کە لەو سەردەماندا بڵاودەکرانەوە نووسیوە، هەروەها کومەڵە شیعری (گوڵزاری کوردستانو کڵپەی دەروون)یشی نوسیووەکە لەگەڵ چەند هۆنراوەیەکی بڵاونەکراوەی تریدا لەم ساڵانەی دواییدا لە دوو توێی کتێبێکدا لە لایەن بەندەوە کۆکراوەتەوەو بە چاپکەیانراوە هەروەها نامیلکەی مێژووی شۆڕشی دیاربەکری بە چاپکەیاندووە کە بابەتێکی مێژووی زۆر گرنگبووەو کەمال مەزهەری مێژوونووسی گەورەش ستایشی کردوە چەندان نامیلکەی شانۆیی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی بە داخەوە هەتاوەکو ئێستا نەتوانراوە زۆربەیان بە چاپ بگەیەنرێتو بکەوێتە بەر دیدەی خوێنەران.

عوزیری لە سەرەتایی ساڵی (١٩٦١)دا لە ڕیزی پێشەوەی خەباتو پێشمەرگایەتیدا بووەو لە شەڕی دەربەندی بازیاندا کە یەکەم تەقە بوو بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول بەشداریکردووەو بە سەختی بریندار بووەو بەدیلی کەوتووەتە دەست دوژمنو رەوانەی زیندانکراوە لە زیندانیش چەندین هۆنراوەی بەرگریو نیشتیمانی نووسیوە، لە دوا ئازادکردنی وەکو کادرێکی چالاک کاری کردووە. هەروەها لە ساڵی (١٩٦٥) بە وەفدێک بەشداری دەکات لە میسر و چاوی بە ( جمال عەبدولناسر ) دەکەوێت زۆر بوێورانە باسی هەڵگرساندنی شۆڕش دەکات (جمال عەبدولناسر زۆر سەر سام دەبێت کە لەو تەمەنەدا ئابەو شێوەیە ئەدوێت.

ئەگەر چاوێک بە تەمەنو ژیانی عوزێریدا بگێڕین ئەوسا بۆمان دەردەکەوێت توانا و بلیمەتیی ئەو کەڵە پیاوە بەو تەمەنە کورتەی ژیانییەوە چەند گەورەیەو بەداخەوە خەوونەکانی لەگۆڕنران، بەڵام لێرەشەوە بە پیویستی دەزانم کە گلەیەکی زۆربکەین لە دەزگا پەیوەندی دارەکانو نوسەرانو هاورێیانی کە دەبوو جارێک لە جاران کورێک یاخود یادێکی بکرایەتەوە بەداخەوە عوزیری خۆیو نووسینەکانی بە فەرامۆشی سپێردراون، کە نەدەبووایە بەوجۆرە رەفتار لەگەڵ قەڵەمێکی بەبرشتو عەقڵێکی گەورەی پڕ بەهرەی ئەودا بکرایە، عوزیری لەکاتی خۆیدا کادرێکی شارەزای رادیۆو ڕاگەیاندنی ئەوسای شۆڕش بووە، کە بەداخەوە لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا شەهید کراو قەڵەم و شیعرو ئەدەبەکەیان بێنازکرد بەڵام ئەو بۆ هەمیشە لە نێو دەریای مێژووی میلەتی کوردا، بووە بە شەپۆلێکی هەڵچو، خۆیو ئەدەبەکەی لە سەر شەپولانەوە زیندووترن، لەتیف هەڵمەتی شاعیر دەڵێت: ئەگەر بێتو عوسمان عوزێری لەژیاندا بوایە دڵنیام تەکانێکی باشی بەبواری ئەدەبی کوردی ئەدات.

# نەورۆزی تویمەلیك

**بەیان محەمەد**

چاڵان چەقیلەکەی
پێدەشتی
پیرەمەگروون
تۆ
بۆ شیعرو
هونەر
هاتیتە سەر
شانۆی
ژیان
تۆ
ئەو نەورۆزپەروەرە
مەزنە بوی
لەسێبەری دارەکەی
مەلیک دا
گری نەورۆزت
داگیرسان

چاڵان چە قیلە: گوڵاڵەسورە

# درێژەی راپەڕ عوسمان عوزێری..

لەساڵی ١٩٦١دا، دەستنووسەکەی لەلای مامۆستا عومەر مەعروف بەرزنجی دەبێت دواتر لەڕۆژی مەنعەتەجەولی ئەو ساڵەدا لێی وەرئەگرێتەوە، دواتر لەساڵی ١٩٦٣دا، لەدوای ئازادکردنی عوزێری لەزیندانی بەعقوبەو گەڕانەوەی بۆ کوردستان هەوڵ دەدات ئەم شانۆگەرییە وەکو چیرۆکێکدارێژێتەوە، دواتر بەڕۆنیۆ ڕاکێشرا، ئەویش بەوتەی مامۆستا حەسەنی قازی، کەلە ساڵی ٢٠١٥دا، پەیوەندیەکی تەلەفۆنی پێوەکردمو پێی ڕاگەیاندم، کە ئەو چیرۆکەی لەساڵی ١٩٧٠لەدەورووپشتی قەڵاچوالاندا خوێندۆتەوە. ئەو چیرۆکە بەڕۆنیۆ ڕاکێشرابوو.

داوای ئەو چیرۆکەی لێکردم، ئەگەر کۆپیەکی مابێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە لەدوای تیرۆکردنی عوزێری سلێمانیمان بەجێهێشتو بەرەو بەغدا کۆچمانکرد.

ڕۆمانی (میر)ی میکیاڤیلی، لەساڵانی زیندان کردنیدا لەبەعقوبە، لەعەرەبییەوە وەری گێڕابوو بۆ سەر زمانی کوردی. تەنها چەند لاپەڕەیەکی لای ێمە پارێزرابوو، ئەویش بەدەستو خەتی خاڵە فەریدم کێشرابوون، نزیکەی (١١) لاپەڕە دەبوو، بەڵام لە بارودۆخی ناهەموارو گواستنەوەو ڕەوکردن لەناوچوو...)).

- کۆمەڵەی کەلەپوور، هەمیشە دەست پێشخەری لەکاری ناوازەدا کردووە.. لەیادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵیشدا عوسمان عوزێریان داناوە، کەپەیکەری بۆ دروست بکرێت. سەبارەت بەم هەڵوێستەی کۆمەڵەی کەلەپوور، وتی: ((بەناوی بنەماڵەی عوسمان عوزێرییەوە سوپاسی بێپایانم ئاراستەی تەواوی ئەندامە بەهەڵوێستو خەمخۆرەکانی کۆمەڵەی کەلەپوور دەکەمو دەستی یەک بەیەکیان دەگوشم، بۆ ئەو بڕیارە جوانو مەزنەیان، کە بۆ یادکردنەوەی عوسمان عوزێریو ئەو هەنگاوە بەرز دەنرخێنم، کەپڕ لەدڵسۆزیو میهرەبانییە.

بەڕاستی من زۆر شانازیتان پێوە دەکەم، گەر عوسمان عوزێری لەژیاندا بمایە هەڵبەتە چاوی یەک بەیەکتانی ماچ دەکرد، دواتر عوسمان عوزێری بەتەنها موڵکی من نییە، بەڵکو موڵکی هەموو گەلی کوردە. ئەو عوزێرییەی، کەهەر هەنگاوێکو وشەیەک بۆ خۆشەویستی گەلو نیشتمان بوو، لەو ڕۆژەی، کەیادی دەکەنەوە لەو بروایەدام، لەگۆڕە بزرکراوەکەیەوە چاوی لەهەمووتانە...)).

# عوسمان عوزێری



**جەعفەر فەقێ ئەحمەد تەڕەماری (بانەسیری)**

من بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٩ دا، ناسیومە دوای شۆڕشی (١٤)ی گەلاوێژی ١٩٥٨ هەڵبەستی دەنووسی، یەکەم هەڵبەست، کە من ئاگاداری بووم، کە دەینووسی (چواردەی تەمموزە یادمان یادی ڕۆژی ئازادمان) بوو، کە سروودێکی زۆر جوان بوو بە کوڕانو کچان لە ئێستگەی ڕادیۆی کوردی بەغداد بە نۆرە دەیانوتەوە ، تا بڵێی پیاوێکی ڕۆشنبیر و لەسەرخۆ بوو ئیتر نازانم تا چەند خوێندنی تەواو کردبوو، بەڵام هەمیشە دەیخوێندەوەو دەینووسی، لە ساڵی ١٩٦٥دا وا ڕێکەوت لە کاری سیاسیدا بە یەکەوە بووین هەردووکمان لە هێڵی مەکتەبی سیاسی بووین، ئەو لێپرسراوی من بوو، بە یەکەوە لە ناحیەی سورداش کارمان دەکرد، بە هەموو دێهاتو گوندەکانیەوە، هەر لەم سەردەمەدا بوو هاوسەرگیری کردبوو لەگەڵ خاتوو (پەروین عەزیز ڕەسول بەگ)، کە لە خێزانێکی ناسراو و ڕەسەنی شاری سلێمانی بوو.

ئەوەی پێویستە باسی بکەم لە هاوینی ساڵی ١٩٦٥دا هەردووکمان لە لایەن میریەوە فەرمانی دەستگیر کردنمان بۆ دەرچوو ، من لە لایەن بەڕێوبەری پەروەردەی ئەو سەردەمە خوالێخۆشبوو (مامۆستا موسی سەمەد) ئاگادار کرامەوە ئیتر وامان بڕیار دا کە بە یەکەوە بچین بۆ لای (موتەسەریف) واتە محافزی ئەو کاتەی سلێمانی بە ناوی (محمد رشاد الحمامی) موسڵاوی بوو، بەڵام چونەکەمان وا ڕێکخست کە مام حاجی ئیبراهیمی چەرمەگا (خوا لێی خۆش بێت) لە لای موتەسەریف بێت تا بەرگریمان لێبکات، چونکە مام حاجی ئیبراهیم مامی کاک عوسمان بوو. وە تازە لەگەڵ میری پەیوەندی هەبوو، کە چووینە ژوورەوە موتەسەریف لێمان هەستایە سەر پێو زۆر هەڕەشەی لێکردین بەڵام ئێمە نەچووینە ژێر داواو هەڕەشەکەیو وتمان ئێمە ئاگاداری ئەم شتانە نینو هیچ پەیوەندیمان پێوە نیە، ئیتر مام حاجی ئیبراهیمیش هەڵیدایە وتی ئەمانە برازای منن ئێوە چییان پێدەڵێن؟ هەمیشە لای منو لەبەر چاومن، ئەوەی بەرامبەریان وتراوە ڕاست نیە، بەهۆی مام حاجی ئیبراهیمەوە داواکەیان لەسەر لابردینو ئازاد کراین، کاک عوسمان لە ساڵی ١٩٥٩ وە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق بوو، دوای ماوەیەک لەوەو دوا کاک عوسمان گوێزرایەوە بۆ ناوچەی پێنجوێن بۆ کاری سیاسی ڕۆژ بە ڕۆژیش باری سیاسی ئاڵۆز دەبوو زیاتر، ئەوە بوو لەو ناوچەیە لە لایەن پارتیەوە دەستگیر کرا، لە گوندی کوڕەمێو یان کۆڵیتان بوو دوای ماوەیەک بڵاوکرایەوە کە شەهیدیان کردووە، ئەوە ماوە بڵێم، کە کاک عوسمان نموونەی خو ورەوشتی بەرز و تێکۆشەرێکی دڵسۆز و نەترس بوو، یادی بەخێر و جێگەی بەهەشت بێت.

# تکای دایکی نیشتمان



**ئامادەکردنی: شیروان نامیق**

تابلۆیەکی ڕەنگینو هەناسەی گەروویەکی تاساوی دایکێکی بەساڵاچووی ورەبەرزی هەرچوار پارچەی کوردستانە.. لە قوڵایی بیری (ئەشکەوتی ئاوەسپی) لالشو لوتکەی ئاوەزی پیرەمەگروونو (کڵپەی دەروون)ی شەهید (عوسمان عوزێری)یەوە سەرچاوەی گرتووە، مێژووەکەی بۆ (٦١) ساڵ پێش ئەمڕۆ دەگەڕێتەوەو ئەڵێت: ((... دیمەنی دایکێکی بەساڵاچووی پشت کۆماو کەنەفتی جگەر سووتاوی دێتە پێش چاو، کەهەر پەلەی وا بەدەست ژەندرمەیەکی بێ ویژدانەوەو بێبەزەییانە سزاو ئازار ئەدەن، ئەویش بەدەروونێکی پڕ لە سۆزو قوڕگێکی پڕ گریانو بەچاوێکی پڕ فرمێسکەوە ئاوڕ لەکۆرپە نەبەردە ئالیکارە کۆڵنەدەرەکانی ئەداتەوەو پێیان ئەڵێت:

ڕۆڵەکانم مەترسن، گوێ مەدەنیو گیانو ژیانتان لاخۆشەویست نەبێو بەهەرزانی بزانن.. کۆڵ مەدەن.. مەبەزن.. خۆتان بەخت کەن لەپێناوی رزگارکردنی ئەم دایکە ئەشکەنجە چەشتوو و سزا دیدەتانا.. لەڕێی ئازادیو بەختیاری خۆتانو دایکتانا.. لەپێناوی دەرکردنی دوژمنانی خوێنەخۆری چاو برسی لەماڵەکەکانا، کەباو باپیرتان بەشەووڕۆژ یا ساوڵی بوونو پارێزگاریان کردوە..

کۆرپەکانم.. مردنی بەشەرەف گەلێ لە ژیانی سەرشۆڕیو ژێر دەستی خۆشترە....)١.




١. عوسمان عوزێری، پێشەکی دیوانە شیعری کڵپەی دەروون.

# کۆژان


**رزگار ئەحمەد حسێن**

قەڵەمەکەم..
تەنیاو.. تەنیا
لەو چیایە ئاوس بووە
کەجەستەی تۆی
لێ ون بووە،

گەڕام.. گەڕام
کێل بەکێلی
گشت قەبرەکان
هەمووی گەڕام
کوێر بوو نیگام،
باوانەکەم
بەبان دیەم
بەئارامی هەر دەگەڕێم.
لەدەلاقەی زامی خاکەوە
دەست پێ ئەکەم
گەلە پرسیارێک هەر دەکەم؟
لەغورەتو زمی گەورەو
بڵێسەی دڵو
لقوپۆپو
لەمرواری شیعرەکانتو
تەختەی شانۆو..
لە سەیوانو شەهیدانی
سلێمانیو..
لەئارامگای شێرکۆو
گڵکۆی پەروینو
هەناسەی شیرین
لەهەڵبجەی کیمیاباران،
لەکانی قۆڵکەو کانی ئاشقان
لەگوڵانو..
باخی میرو
بەکەناری..
پەرژینەکەی مۆردانەدا
ئەچمە خوارێ
هەر لەگەرمیان
تا هەورامان،
لەبادینان..
لە پێنج پارچەکەی..
کوردستان
هەر پرسیارەو!
هەڵدەوەرێ،

من دڵنیام
کەرۆژێک دێت
بەچراکەی پیرەمێردەوە
لەگەردو گوڵی
بەیان دا،
لەتەک خۆردا
هەڵدێیتەوە،
کەهاتیتەوە
ئەمجارەیان..
یەکەم وشەت
وەکو جاران!!
تاکۆتایی..
لەنێوچاوانی دوژمندا
گولەیەکی جەرگبڕبێت!
لەسەر گردەکەی یارە..
هەناسەیەک..
پشوو بدەو
بەدەوری مەشخەڵەکەدا
تا.. بەرەبەیانێکی درەنگ
لەگەڵ.. نەورۆزپەروەراندا
سرودەکەی (نەورۆز) بڵێیتەوە..





# ڕاپەڕ عوسمان عوزێری:

# عوزێری بووە بەئەفسانەیەکی بریندارو سارێژنەکراو لەبیری خەڵکدا



**سازدانی: بەیان محەمەد**

عوسمان عوزێری نیشتمانپەروەرو تێکۆشەر، بەو تەمەنە کورتەیەوە هاوشێوەی ڕەنگنامەی پەلکەزێرینە، لەدنیا جوانەکەی شیعرو هونەری وەرگێڕانو کارئەکتەرێکی بەتوانای شانۆو ڕۆژنامەوانێکی بەسەلیقەو ڕاگەیاندکارێکی شارەزاو بێژەرێکی سەرکەوتوو مێژووناسێکی دڵسۆزو نەورۆزپەروەرێکی مەزن لەتیانووسی مێژووی نەتەوەکەماندا ڕەنگیداوەتەوەو ڕۆڵی لەبەرچاوی هەبووە.

دوای (٥٥)ساڵ، لیژنەی سەرپەرشتی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی مامەیارە، توانیان ڕۆحە پاکژەکەی بهێننەوە سەر شانۆی بینین.

منیش ئەم دەرفەتەم بەهەلزانی، کەلەجێژوانی بە (ئاوات)گەیشتنی تاسەی ئەوینی (شیرین)دا، (ڕاپەڕ)ی کوڕی بدوێنم، کەبەرهەمی ئەو جێژوانە شیرینەیە.

سەبارەت بەکەسایەتی عوزێری وتی: ((عوسمان عوزێری شاگوڵێکی گەشاوە بەڕەونەقی ئەولاپەڕە ڕەنگینو تۆمارە پرشنگدارەیە، کە مێژووی نەتەوایەتی بەشانازی و شەوقو ئیلهامەوە دەورەی دەکاتەوە، دەمێکە عوزێری بووە بەئەفسانەیەکی بریندارو سارێژنەکراو لەبیری خەڵکدا.

عوسمان عوزێری خوێندەوارێکی تازە هەڵکشاوی بەهرەمەندو شاعیرێکی دیارو نووسەرێکی کارامەو چیرۆکنووسێکی بەتواناو وەرگێڕێکی بەسەلیقەو ڕۆڵەیەکی بەئاگای مێژووی نوێو خەباتکاری نەبەردی ڕۆژانی تەنگانەو گوشراوی باوەڕی کوردایەتی پاکبوو... لە گۆڤاری هەتاو و ڕۆژنامەی ژین دەتوانین چیرۆکەکانی: ئەشکەنجەو ژیانی هەژاریو پاش باران کەپنەک و هاوڕێی ناپاکو کوتەکی زۆردار، خوێننەوە بەنموونە ئاستی دەستی ڕەنگینو قەڵەم بەبڕشتی عوزێری دابنێین)).

سەبارەت بەدیدو بۆچوونو تێڕوانینی عوسمان عوزێری بۆ هونەری سینەماو شانۆ، بەڕێز ڕاپەڕ وتی: ((دیدوبۆچوونی عوسمان عوزێری سەبارەت بەتەختەی شانۆو تێڕوانینی بۆ هونەری سینەما ئەوە بووە، کەوتارێکی لەڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە (١٣٤٧)ی ساڵی ١٩٥٨دا، بڵاوکردەوەو بەم وشانە دەستی پێکرد: ئێمە هەمیشە پێویستمان بە سینەماو شانۆ هەیەو پێویستە بمانبێت، وەک وڵاتانی تر، چونکە سینەماو شانۆ دەرخستەی وڵاتو گەلو زمانو مێژووی ئەو گەلەیە، دەبێت گەشەی پێبدەین)).

– ئایە ڕۆڵی لە شانۆگەریدا بینیوە؟

+ بەڵێ، لەشانۆگەری کاوەی ئاسنگەر، وەکو ڕیژیسۆر ڕۆڵی کاوەی بینیووە. ئەویش لەساڵی ١٩٥٨دا، لەشاری سلێمانی نمایشکرا.

شانۆگەری لەپێناوی دادپەروەریدا لەساڵی ١٩٥٩ نمایشکرا، کە شانۆنامەیەکیی (وەجیە ڕەزوان)ـە، عوزێری کردویەتی بەکوردی، لەم شانۆگەریەدا، وەکو ڕیژیسۆرو ئەکتەر بەشداری کردووە.

– ئەڵێن خاتو پەروینی هاوسەری عوسمان عوزێری، لەژنە پێشەنگەکانی سەر شانۆی کوردی بووە، لەساڵی چەندەوە ئاوێزانی کاری نواندن بووە، یان ئەو شانۆکاریانەی ڕۆڵی تیابینیووە کامانەن؟

+پەروین عەزیز ڕەسوڵ بەگ، لە ساڵی ١٩٥٦ بەشداری چەندین فیستڤاڵو شانۆگەری کردووە، لە ساڵی ١٩٥٩دا، ڕۆڵی لە شانۆگەری کاوەی ئاسنگەردا بینیووە، کەهاوسەری کاوە بوو..

دواتر لە ساڵی ١٩٥٩دا، بەشداری شانۆگەری لەپێناوی دادپەروەریدا کردووە، کەلە سەر تەختەی شانۆی کتێبخانەی گشتی سلێمانی نمایش کراوە.

چەند هونەرمەندێک هۆنراوەکانی عوزێریان کردووە بە گۆرانی، بۆ ناساندنی ئەو هونەرمەندانە کاک ڕاپەڕ وتی: ((ڕەسووڵ بێزار گەردی، چەندین هۆنراوەی عوسمان عوزێریان کردووە بە گۆرانی هەروەها لەم دەساڵەی پێشوو لە کتێبی گوڵی میلاقەی ڕەسووڵ گەردیدا چەندین گۆرانیو شیعری تری عوزێریمان دۆزییەوە. عەزیز عەلی فەیلی، گۆرانی ئاخرین ئاوات ئەخوازم، کە ئازاد بێت نیشتمانم، کەهۆنراوەی عوسمان عوزێری بوو.

شیعری ئەی کوردینەی مامۆستا زێوەری تەخمیس کردووە، کەتا ئێستا لەئێزگەکاندا وەکو سروودێکی نیشتمانی بڵاودەکرێتەوە، بەڵام ناوی عوزێری ناهێنرێت))!.

– وای دابنێین عوسمان عوزێری باوکی بەڕێزت نەبووە، ئایا چۆن ئەڕوانیە کەسایەتی عوزێری؟

+ عوسمان عوزێری کەسایەتیەکی کوردپەروەرو مرۆڤ دۆستبوو، شیعری بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان لەکاتو زەمەنێکی جیاوازدا نوسیووە، وەکو چۆن نووسەرو ڕۆژنامەنووسو شانۆکارێکی بە ئەزموون بووە، لەهەمانکاتدا پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی خاکو نیشتمانیش بووە، بەو تەمەنە کەمەیەوە، جگە لەدوو دیوانە شیعر، چەندین کتێبی هەمەجۆریشی چاپکردووە، لەگەڵ ئەوەدا توێژینەوەیەکی مێژوویيو چەند شانۆو چیرۆکێکی ناوازەی ئەو کاتەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. هەروەها خەمخۆری گەلانی ژێر دەستەش بووە.

بۆ نموونە: شیعرێکی بۆ گەلی کۆنگۆ نووسیبوو، ئەویش پرسەنامەیەکبوو بەبۆنەی تیرۆرکردنی لۆمۆمبۆی سەرۆک وەزیرانی کۆنگۆ، کەبەدەستی داگیرکەرانی بەلجیکی تیرۆرکرا، لەڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە (١٥٩٤)، کە لەڕۆژی ١٩٦٢/٢/٢٣دا بڵاوکرایەوە.

ئەتوانم بڵێم عوسمان عوزێری کەسایەتیەکی ڕاستگۆو خەمخۆری هەر چوارپارچەی کوردستان بوو.

گەر چی نەیویست باسی کتێبە چاپکراوەکانی بکاتو بۆ نووسەرانی تری بەجێهێشتووە، بەڵام ئاماژە بەچەند بەرهەمێکی دەستنووسی کرد، کەلەبەر کاری سیاسیو هۆکاری تر ڕێگەی چاپکردنی پێنەدراوەو لە ئاکامدا شوێن بزربوون، لەمبارەیەوە وتی: ((لەساڵی ١٩٥٩دا، شانۆنامەیەک بەناوی (عیسمەتی کچی قازی)ـەوە، دەنووسێت، بەڵام لەڕەقابە دوو جار ڕەتدەکرێتەوە، وەکو بابەتێکی سیاسی ڕێگەی پێنادەن بڵاوبکرێتەوە.

بۆ ...ل٧

## گەرویەکی تاساو

جوانڕۆ کەریم قادر، کەبە (جوانڕۆی باڵەبان)ناسرابوو. لەساڵی ١٩٧٦لەگەڕەکی وڵوبەی شاری سلێمانی لەدایکبووە.

لەساڵی ١٩٨٩دا، وابەستەی کاری هونەری باڵەبان بووە.

لەناوەوەو دەرەوەی کوردستاندا بەشداری لەدەیان کاری هونەری ناوازەدا کردووە.

دوا کاری لەپرۆڤەدا بوو بۆ بەشداریکردنی لەڕێوڕەسمی دابەشکردنی پەیکەری (عوسمان عوزێری) نەورۆزپەروەردا.

بەداخەوە شەوی (٢٢-٢٠٢١/٦/٢٣) لەکارەساتێکی تەمومژاویدا لەشاری هەولێر خنکێنرا، لاشەکەی لەنزیک (پەلکەڕەش)، کەدەکەوێتە نێوان کەسنەزانو دێگەڵەدا دۆزرایەوەو هێنایانەوە بۆ شاری سلێمانی بەئامادەبوونی هونەرمەندانو نووسەرانو خەڵکێکی زۆر شەو لە گۆڕستانی شێخ عەباس بەخاک سپێررا.




## عوسمان عوزێری

**شێرکۆ بێکەس**
**٢٠٠٠/٣/٢٩**



کەس نەیزانی ئەو چۆن کوژرا؟!
شایەتی ئێمە بەتەنها:
کۆترە شینگەیەکی شاخو
پەڵە هەورێکی کۆچەریو
گەڵای شیعرێ بوو((با))بردی!
کەس نەیبینی لەکوێش نێژرا؟!
ئەو چاوانەی لەو شەوەدا، لەگەڵ چاوی دواڕۆژدا بوونو بینیان،
لەکوێ نێژرا:
چاوی درەختێکی تەنیاو
چاوی بەردێکی سەرەڕێو
چاوی لێڵی کانییەک بوون.
لەو دۆڵەدا
ئیتر مێژوویان قفڵ داو..
لەو چاڵەشدا ئەویان تیا کوشت!
هەر لەوێدا پرسیاریان کوشت!
نهێنیشیان هەر بەجلی خۆیەوە ناشت.
بەڵام ئێستا
یەک کۆترە شینکە.. هەزارە
فرمێسکی پەڵەهەور.. چەند ڕووبارە.
گەڵا شیعرێ.. چەندین پەنجەرەی ناوشارە
مێژویش بومەلەرزە لێی داوە
قفڵ شکاو، نهێنی هەر بەو جلانەوە
گەڕایەوەو، ئەوەتا وا
پرسیار زیندو ئەبێتەوەو
پرسیار زاووزێ ئەکاتو
هەموو ساڵێ، سەردانەوەی برینەکانی عوزێریش
لەسەر (هەڵگورد)
زەردەخەنەی دەم گوڵجاڕە

# بۆ یادی مامۆستا عوسمان عوزێری شاعیر



**عەبدوڵڵا حەسەن قادر**

ساڵی ١٩٧٢ز، لەبۆنەیەکی نیشتمانیدا، لەناوەندی کەلاری کۆن، پێشەکی دیوانی (کڵپەی دەروون)ی شاعیر (عوسمان عوزەیری)م خوێندەوە، کە تەشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٠)ز ی نوسیوێتی بۆ دیوانی ناوبراو. ئەو کاتەو ئێستاش لای من بابەتێکی زیندووە.

دوای (٤٨)ساڵ چەند جارێ دی خوێندمەوە، سەرنجڕاکێشە، کوردیەکی ڕەوانی ڕەسەنە، دەقێکی هەڵقوڵاوی کوردەوارییە، زۆر بەتاسەوە لەناخی دڵەوە لەئازارەکانی خەڵک دەدوێت، بەگیانێکی کوردانەوە باس لەکوردستان دەکات کەچۆن دایکی نیشتمانی چواندووە بەپیرەژنێکی کەنەفت، هەر پەلێکی بەدەست دوژمێکەوەیە، بەکەساسیو قوڕگی پڕ لەگریانەوە، هانا بۆ ڕۆڵەکانی دەباتو هانیاندەدات دوژمن نەیانتۆقێنێت، گیانیان لاهەرزان بێت، کۆڵنەدەن، خۆبەختکەن خۆیانو دایکە ستمدیدەکەیان ڕزگاربکەن، هەروەها لەزمانی نیشتمانەوە دەڵێت:

– مردنی بەشەرەف لەپێناو خاکدا، لەمردنی سەرشۆڕیو ملکەچی باڵاترە.

ئەو شارو دێهاتانەمان یاد دەخاتەوە کەسوتێنران، تاڵانو بڕۆکران، خەڵک بێگوناهەکانی لەژنو پیاو، پیرەمێردومناڵ درانە بەرگوللەی شەستیرو نێزە ژەنکرانو لەخوێنی خۆیاندا دەتلانەوەو پەلەقاژەی مەرگیان دەکرد.

شاعیر لەپێشەکیەکی وا کورتدا باسی ئەو هەمووە دەردە سەریو ئازارەکانی خەڵکی کوردستانو وڵات دەکات، کەچۆن بووەتە سەربەشی ماڵانو چیانپێکردووین:

–زیندانەکان سیخناخکراوە لەڕۆڵەکانمان، هەزاران گەنجو لاوی ئەم وڵاتە لەبەندی تاکە کەسیو تاریکو نوتەکدا لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان بەم خاکە سپارد.

لەکۆتاییدا داوا لە خەڵکی کوردستانو پارتە پێشرەوەکەی:

پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لەژێر ئاڵای خەباتو بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیدا+ کوردایەتی. کۆببنەوە خەبات بکەن لەو پێناوە بۆ ڕزگاری کوردو کوردستان.

– زۆر سپاسی کاک محەمەد مەردان دەکەم بەهۆی ئەوەوە کاک ڕاپەڕ بەسپاسەوە. پێشەکی دیوانی (کڵپەی دەروون)ی بۆ ناردم، چەند جارێ تر بەیادی جارانەوە خوێندمەوەو بووە ئەم چەند دێڕە.

تێبینی: لەنووسینەکەی شاعیر دوورنەکەوتومەتەوە، هەندێ جار نووسینەکانی ئەوم دوبارە کردوەتەوە.


خاوەنی ئیمتیاز: جەمال عەبدول
سەرنووسەر: محەمەد مەردان
جێگرانی سەرنوسەر
عادل محمەد کەریم - ڕێبوار حەمە تۆفیق

بەڕێوەبەری نووسین: کاوان ئەبوبەکر
دەستەی نوسەران:
سیامەند هادی - بەیان محەمەد - عەبدوڵڵا حەسەن قادر

دیزاین: تەحسین تۆفیق
چاپخانە: کوردستان
تیراژ: ٢٠٠٠

بەسوپاسەوە ئەم ژمارەیە لەسەر ئەرکی بەڕێز
دکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی چاپکراوە